

# گۆڤاری

# زامەکانی بێ دایکی!!



## ژمارە 2

## ڕێبەندانی 2709

**وتار و بابەتەکانی ئەم ژمارەیە:**

- سەروتاری ئەم ژمارەیەی گۆڤاری زامەکانی بێ داییکی!
- گرنگترین و یاساییترین هەنگاو یەکدەنگی و یەک هەڵوێستییە! (سیاسی)
- جوڵانەوەی سەوز لە ئێران و بۆچی کورد نەبوونە سەوز؟! (سیاسی)
- ڕێکخراوی چاو وەک چاوەدێرێکی نەتەوەیی و سێ گۆشەی هێز و دیمۆکراسی و بەڕێوەبەری یاسا!! (سیاسی)
- شایەعەی کۆتایی ژیان لە ساڵی 2012 و ئەرکی ئێمەی مرۆڤ لەمەڕ ئەو شایەعانە! (زانستی و زانیاری)
- خاتو لوسیانا لۆبۆس و پلانێت ئیکس و پڕۆژەی چیۆپس(**Projekt Cheops**)!! (زانستی و زانیاری)
- تێزی مادەی تاریک یا ئانتی ماتێری (دژە مادە)! کوونە ڕەشەکان چین؟ (فـیـزیـکـی نـوێ) (زانستی و زانیاری)
- سەفەرە کاتیەکان چین؟ (زانستی و زانیاری)
- حکومەتی نۆرویژی لە مێژە خۆی بۆ ئەستێرەی ئیکس (Planet X) ئامادە کردووە! (وەرگێردراو، زانیاری)
- وێنەیەک لە حەشارگەی داڵس باسیس (Dulce-Basis) لە نیۆمیکزیک لە ئەمریکا کە شوێنی ژیانی 18،000 مرۆڤ بۆ زیاتر لە 5 ساڵان دابین دەکات. (زانیاری)



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# سەروتاری گۆڤاری ژمارە دوو

لە ناوەڕاستی مانگی یەکی زایینیدا (یانوار) یا لە کۆتایی سەرماوەزدا یەکەم ژمارەی گۆڤاری بێ داییکیم لە ڕێگای تۆڕی جیهانی ئینتێرنێتەوە خستە بەر دیدەی خوێنەرانی کورد زمان. بە هۆی ئەوەی کە بابەت و نووسراوەکانم تەنیا بۆ یەک ماڵپەڕ یا حیزب و ڕێکخراوی تایبەت نانووسم، بەڵکو بۆ سەرجەم گەلی کوردستان، هەر بەو پێیەش حەول دەدەم کە بۆ چەند ماڵپەڕ و کەسایەتی و ڕێکخراوی بنێرم. ئەمە خۆی ئەگەر چی لە لایەن منەوە تەنیا سەربەخوییم ئەسەلمێنێت کە سەر بە کەس نیم، **بەڵام بە داخەوە لە لایەن هەندێک ماڵپەڕەوە سانسۆڕ دەکرێن.**

کاتێک حیزبێک هەڵە دەکات، ئەبێ چاوەڕوانی ڕەخنەش بێت! سەردەمی حەزفی فیزیکی نەیاری سیاسی بە سەر چووە، و نەیاری سیاسی دوژمنت نیە، بەڵکو ڕەخنە گرتە و لە دیمۆکڕاسیدا هەمو کەس ڕەخنە ئەگرێت و ئەبێت بیگرێت، چوونکە مرۆڤی ئازاد قسە دەکات و بێدەنگ نابێت. کەواتە ئەبێت تەمرینی ئەوە بکەین کە وتاری ڕەخنەگرانەی دژی خۆمان بڵاو بکەینەوە و ئەگەر بە تۆمەت یا ناڕاستی ئەزانین، وڵامی بدینەوە. ئەمەیە ڕێگای دروست و دیمۆکڕاسی و ئازادی لە کردەوەدا، نەک هاواری ئازادی و دیمۆکڕاسی سەر بدەین، بەڵام هیچ ڕەخنەیەک لە خۆ نەگرین و خەڵک سانسۆڕ بکەین!!

هیوادارم ئەم ژمارەیەی گۆڤاری زامەکانی بێ داییکی کە زەحمەت و شەونخوونیم لە پایدا کێشاوە سانسۆڕ نەکرێت. کە ئەوە خۆبەخۆ ئەی سەلمێنێت کە چەندە باوەڕیان بە ئازادی دەربڕینی بیر و باوەڕ کە ئیدیعای ئەکەن هەیە!

ئەم ژمارەم کەمتر تەرخان کردووە بۆ باسی سیاسی، بەڵکو زیاتر باسی زانستی و گەردووناسی و هەروەها کۆمەڵێک باسی سەیر و سەمەر کە ئەم ڕۆژانە لە ئینتێرنێت زۆر باسیان لێوە دەکرێت و منیشیان خستۆتە سەرنج و کونجکاوییەوە، ئەویش باسی کۆتایی ژیان و نەمان و لەناو چوونی زەویە!! ئاااااا ئەزانم ڕەنگە پێتان وابێت کە ئەتان ترسێنم، نا وانیە، تەنیا پێم وایە کە جیهان بچکۆلە بۆتەوە و ئێستا هەموومان لە قۆناخی گلۆبالیزمدا ئەژین، هەر بۆیە پێویستە کە هاووڵاتیانی کورد زمانی منیش ئاگایان لەو باسانە بێت کە لە جیهاندا لە ئارادان و مرۆڤ زانیاری ببێ باشترە لەوەی کە ئاگای لە هیچ نەبێت، کێ ناڵێت لەوانەیە لە پڕ بە ڕاست بگەڕێن، با بزانین ئەوجار چی بکەین. لە یەکێک لەو وتارانەدا (شایعەی کۆتایی ژیان لەساڵی 2012دا و ئەرکی ئێمەی مرۆڤ...) بە باشی باسم کردووە کە کورد دەوڵەتی نیە کە لە هەندێک کێشە و گرفت ئاگاداریان بکاتەوە، بۆیە پێویستە ئێمە و مانان نەتەوەکەمان لەو شتانە ئاگادار بکەینەوە. ڕەنگە هەر ئەو قسانەی من لەو وتارەدا ببنە هۆی ئەوەی کە گەلی کورد زیاتر پەی بە ئەهمییەت و گرنگی دەوڵەتێکی کوردی بەرن و ئەوەش خۆی هەر خزمەتێکە کە من حەولم داوە لەو وتارەدا نەتەوەکەمی لێ ئاگادر بکەمەوە!

لە کۆتاییدا پێویستە کە پێتانی ڕابگەیەنم کە هەمو کار و ئەرکەکانی ئەم گۆڤارە بە تەنیا خۆم کردوومن و بە دڵنیاییەوە کەم و کووڕ لە باری ڕێنووس و ڕێزمان و هەروەها چۆنیەتی دانانی گۆڤارێک تێدایە کە هیوادارم لەوبوارانەدا بمبورن. هەروەها هیوادارم کە ئێوەی خۆشەویست لە هەر کوێ هەن و بە تایبەت سیاسیەکانمان و خوێندکارەکانمان و هەموو گەلی کوردستان وشە بە وشەی ئەم گۆڤارە بخوێننەوە و دڵنیا بن کە لە کۆتاییدا گەلێک زانیاری باش و بە نرختان وەگیر کەوتووە کە بۆ داهاتووتان بە کەڵک دەبێت!!

نووسەر: ئەیووب ڕەحمانی

# گرنگترین و یاساییترین هەنگاو یەکدەنگی و یەک هەڵوێستییە!

**پێشەکی**

هەر کاتێک حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بیر و باوەڕی جیاوازەوە پێکەوە کۆ ببنەوە و لەمەڕ هەر بابەتێکی سیاسی بەیاننامەیەکی هاوبەش بە هەموویان دەرکەن، بەیاننامەکە هەرچی بێت و لە سەر هەر ڕووداوێک دەرکرابێت کە من لە دژی ناوەرۆکی بەیاننامەکەش بم، بەڵام یەکەم کەس دەبم کە وەک پێشمەرگەیەک جێبەجێ بکەم و وەها بڕیار یا بەیاننامەیەک کە مۆرکی هەمووانی پێوەبێت، بێشک تەنیا لەڕوی دڵسۆزییەوە کراوە و پێویستە هەمووان ڕێزی لێ بگرن!! بەڵام بەیاننامەی تەنیای هەر حیزبێک بۆخۆی، تەنیا بەرژەوەندییەکانی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو حیزبە تایبەتە ئەپارێزێت و بۆ گەلی کوردستان نیە و تەنیا بە کەڵکی حیزبەکەی خۆی دێت و شەرعییەتی یاسایی بۆ هەمو گەلی کوردستان نابێت!!

دەهۆڵی مەترسی لە مێژە لێدراوە و ئاژیری خەتەر لە مێژە هەڵکراوە، هەمو بیستوویانە بێجگە لەوانەی کە دەبو بیان بیستبایە! هەمو بیستوویانە بێجگە لەوانەی کە دەنگی دەهۆڵەکە بۆ گوێی ئەوان لێدرابوو! ئەڵبەت وەها دەهۆڵ گەلێک کە لێ ئەدرێت، لە پێش هەموانەوە ئەوانە ئەیبیستن کە بۆیان لێدراوە، بەڵام خۆیانی لێ کەڕ دەکەن، وەک ئەوەی کە نەیان بیستبێت، بەلام بیستووشیانە!!

مەبەست چیە؟ ئەمەوێت چی بڵێم؟ ئەمەوێت بڵێم گەلی کوردستان پێویستی بە یەک دەنگ هەیە، ئەویش ئەو دەنگەی کە قسەی گەلی کوردستان بکات و نوێنەرایەتی ئەوان بکات! وەک دەزانین لە کوردستان حیزبایەتی زۆر بووە و ئەمەش هیچ ئیرادێکی نیە و بگرە باشیشە ئەگەر کۆمەڵگایەک بۆ هەر تێروانینێک نوێنەری خۆی هەبێت و ئەمەش پارێزگاری لە رەنگە جیاوازەکان و بیر و بۆچوونە جیاوازەکان دەکات و بەم پێیە هەمو کەس ئەتوانێت لە رێگای حیزبەکانیەوە قسەکانی خۆی بکات! ئەمە نیاز و پێویستیە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگای ئێمە چارەسەر دەکات و ئەتوانم بڵێم کە کۆمەڵگای کوردستان لەمبوارەدا زۆریش لەپێشە! بەڵام هەمو کۆمەڵگایەک بێجگە لە کێشەی ناوخۆیی لە گەڵ خۆی، کێشەی دەرەکیشی هەیە لەگەڵ دەر و دراوسێکانی کە زۆربەشیان رەنگە دۆست بن یا دوژمنی کۆمەڵگای ئێمە بن. کە باسی رکەبەرێکی دەرەکی دێتە پێش، ئەوجار گەلێک یا نەتەوەەک بۆی نیە کە وەک کێشەی ناوخۆیی بڕوانێتە کێشەکە و هەر حیزبە و هەوڵ بدات لە تێڕوانینی خۆیەوە لە گەڵ کێشە دەرەکیەکە دەستە و یەخە ببێتەوە، لەم حاڵەتەدا هیچ حیزبێک بە تاقی تەنیا دەرەقەتی کێشەیەکی دەرەکی گەلەکەی نایات، و یا رەنگە باشتر بێت بڵێم کە هیچ حیزبێک بە تاقی تەنیا ناتوانێت نوێنەری کۆمەڵگا یا نەتەوەیەک بێت و ئەو سەلاحیەتەیشی نیە بە تەنیا وەها ئیدیعایەک بکات، بەڵکو ئەوە هەمو حیزبەکان بەیەکەوەن کە دەتوانن نوێنەری نەتەوەیەک بن و پێکەوە و یەک دەنگ و یەک هەڵوێست چارەسەری ئەو گرفتە دەرەکیە بکەنەوە و لەم حاڵەتەشدا هەمو نەتەوە لە پشتیان دەبێت!

نمونە لەمبوارەدا زۆرە کە من هەوڵ ئەدەم لە ساکارترین نمونە کەڵک وەربگرم و بەو هیوای کە بتوانم مەبەستەکەم بگەیەنم. نەتەوەیەک لە قەوارەی یەک مرۆڤدا لە بەرچاو خۆت بگرە، واتە گەلی فارس یەک مرۆڤە، تورک و عەرەب و ئاڵمانی و هولەندی و کورد و هیدیکە، هەر نەتەوەیەک وەک یەک مرۆڤ لە بەر چاو بگرە، کەواتە گەلی کوردستانیش یەک مرۆڤە! کاتێک ئەم مرۆڤە (ئەم نەتەوە) نەخۆش ئەکەوێت، پێویستی بە چارەسەری پیزیشکی هەیە بۆ چاک بوونەوە، کەواتە ئەم مرۆڤە لە ناوخۆیدا نەخۆشە و لە ناو ئەندامەکانی لەشیدا کێشەیەکی هەیە و ئەو کێشە ناوخۆییە! ئەندامەکانی لەش وەک حیزبەکان چاو لێبکە و هەر ئەندامێک حیزبێکە و هەر کامە بە شێوەیەکی جیاواز کار دەکەن و مەسلەک و شێوەی کار و بیر و باوەڕیشیان بۆ بردنە پێشەوەی کارەکانیان جیاوازە، بەڵام هەموویان پێکەوە هەماهەنگی دەکەن بۆ ئەوەی کە لەشەکە ساخ بکەنەوە و بە بێ گرفت ژیانی بەرێتە سەرەوە. کەواتە بە بیر و باوەڕ و مەسلەک و شێوەکاری جیاوازەوە هەمو بۆ ساخ و سەلامەتی لەشەکە کار دەکەن، چوونکو هەرکامیان کار نەکات یا خراپ کار بکات لەشەکە گرفتی هەیە و رەنگە بە نرخی مردنیشی و لە کار کەوتنی هەموویان کۆتایی پێ بێت، بۆیە هەموویان بەرپرسن لەمەڕ کارەکانی خۆیان کە هەموویان کارەکانیان بە باشی و بە هەماهەنگی یەکتر بکەن و لەشەکە لە ژیاندا بهێڵنەوە. بەم پێیە باشترین لەش (نەتەوە) ئەوەیە کە ئەندام یا ئۆرگانەکانی (حیزبەکانی) بە هەماهەنگترین شێوە کار بکەن. ئەمە لە بواری ساخ و سەلامەتی ناوخۆیی ئەو لەشەیە (نەتەوەیە) بەڵام لە بواری دەرەکی کاتێک مرۆڤێک (نەتەوەیەک) لە گەڵ یەک کەسی دیکەدا (نەتەوەیەکی دیکە) توشی دۆستایەتی یا هاوسەری یا دوژمنایەتی ئەبێتەوە، لەم کاتەدا هەمو ئەندامەکانی ناو لەش (حیزبەکانی ناو نەتەوە) هەوڵدەدەن کە باشترین هەماهەنگی پێکەوە بکەن بۆ ئەوەی کە لە هەڵس و کەوتی دەرەکی لە گەڵ دۆست یا هاوسەر یا دوژمن بە باشترین شێوە رێک و پێک یا تەنزیم بکەن بۆ ئەوەی وەک لەشێک یا مرۆڤێک کە توانای چارسەری کێشەیەک یا هەڵس و کەوتێکی هەیە دەر بکەوێت. کەواتە ئەوە ئەندامەکانی لەشن (حیزبەکانی ناو کۆمەڵگان) کە ئەو هەماهەنگییە دروست دەکەن و تا ئەوان باشتر کار بکەن و هەماهەنگتر بن ئەوا هەماهەنگییەکە و هەڵس و کەوتەکان باشتر دەبن. لە کاتی شەڕی دەستە و یەخەشدا یا خۆ شەڕی ئیعلامیشدا هەر ئۆرگانەکانی لەشن کە دەتوانن بە باشی هەمئاهەنگی بکەن کە بە سەر حەریفدا زاڵ ببین! لە کاتی زۆرەبان گرتندا ئەبێت هەمو ئەندامەکانی لەش بە باشی کار بکەن بۆ ئەوەی کە مێشک و دەست و لاق و هەموویان هەماهەنگ کار بکەن و هێزیان یەک خەن بۆ ئەوەی حەریفەکەیان لە عەرز بەن، ئەگینا لە عەرز دەدرێن! کەواتە نەتەوەی کورد یەک لەشە و حیزبەکانی ئەندامەکانی ئەو لەشەن و جەماوەریش هەر کامە و ئەرک و بەرپرسیارەتییەکی لە ئەستۆیە بۆ ئەوەی کە ئەم لەشە بە باشترین شێوە کار بکات.

لە ئێستای کوردستاندا حیزبەکان بە هیچ جۆرێک نەیانتوانیوە وەک ئەندامانی یەک لەش زاهیر بن، بۆیە نەتەوەی کورد وەک یەک لەش زۆر لاوازە، چونکو هەر ئۆرگانە(هەر حیزبە) و لە ئاوازێک دەخوێنێت! حەریفەکانی نەتەوەی کورد، تورک و فارس و عەرەبن کە ئەوان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر کامە و وەک مرۆڤێکی ساخ و سەلیم لە بەرانبەر کورددا ڕاوەستاون و دەوریان گرتووە، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆیان لە گەڵ یەکتر کێشەیان هەیە، بەڵام لە دژی کورد یەک هەڵوێستن. کورد بەم پرژ و بڵاویانەی ئەمڕۆی لە بەینی ئەو سێ حەریفە بە هێزەیدا هەر خۆی لە خۆیدا نەخۆشە و هیچی پێ ناکرێت، چوونکو ئورگانەکانی هەماهەنگ نین و یەک دەنگ و یەک بەڵێن و یەک هەڵوێست و یەک قسە نین!!

ئالێرەوە بۆمان ئەسەلمێت کە حیزبەکانی کوردستان، لەگەڵ هەمو جیاوازی بیر و باوەڕیان، پێویستە پێکەوە کار بکەن، پێویستە زۆر هەماهەنگتر لە ئێستا، بەرپرسیارتر لە ئێستا، نەتەوەییتر لە ئێستا پێکەوە کار بکەن. لە ڕوداوەکاندا، هەر حیزبە و بە تاقی تەنیا هەڵوێست نەگرێت و بە تاقی تەنیا بەیاننامە نەیاتە دەر و لە ئاست جوڵانەوەی سەوزدا و لە ئاست هەڵس و کەوت لەگەڵ جاش و خۆفرۆشەکان و لە ئاست وتووێژ لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا و لە ئاست دەیان و سەدان ڕووداوی دیکەدا، پێویستە یەک دەنگ و یەک بەڵێن و یەک هەڵوێست بن.

هەر بۆیە زۆر گرنگ و پێویستە کە حیزبەکانمان لە بابەت گرنگترین کێشەی گەلەکەمان لەگەڵ گەلی داگیرکەر و پرسی مانەوە لە گەڵ ئێران و یا جیابوونەوە لە ئێران، پێویستە هەموان پێکەوە کۆبوونەوە بگرن و یەک بڕیار دەر بکەن و ئەو بڕیارە هەرچی بێت و ئەگەر ئێمە و مانان لە دژی ئەو بڕیارەش بین، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێمە و هەمو گەلی کوردستانیش ملکەچی دەبین. من یەک لەوانەم کە وەک لە سەرەتاشەوە وتم، ئەگەر حیزبەکان ئەو کارە بکەن، بە تەواوی ماناوە لەگەڵ بڕیارەکەیان دەبم و ئامادەم وەک پێشمەرگەیەک بۆ نەتەوەکەم بچمە پای جێبەجێ کردنی وەها بڕیارێک، جا هەرچی بێت! بەڵام هەر حیزبە و شتێک بڵێت، بە یاسایی و شەرعی نازانم و ئەو مافە بۆ گەلی کوردیش و بۆ خۆیشم وەک تاکێکی کورد قایلم کە پشتیوانی لە هەر بڕیارێکی تاقانەی کەس نەکەین!! ئەمانەم هەموی لە ڕوی ئەزمونگەلی جۆربەجۆری نەتەوە و وڵاتانی دیکەی جیهانەوە وەرگرتووە و بێ شک کوردستان تەنیا ئەم ڕێگایەی بۆ ڕزگاری لە بەرە، واتە یەک دەنگی و یەک هەڵوێستی و یەک بڕیاری حیزبەکان بۆ هەر ڕووداوێکی گرنگی ناوخۆیی و دەرەکیش!! ئەگەر نا پێک هێنانی دەوڵەتێکی کوردی نەتەوەیی لە دەرەوە تاقە ئاڵتێرناتیڤ دەبێت!! ئەگەر ئەمرۆش تێم نەگەن، لە داهاتوودا دەزانن من چی دەڵێم و بیر لە چی ئەکەمەوە!

## جوڵانەوەی سەوز لە ئێران و ڕۆڵ و کاریگەری کوردەکان!

ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە کۆماری ئیسلامی لە ئێران بە سەرۆکایەتی خومەینی و بە خواستی میلیۆنان فارس و ئازەری و عەرەبی شیعە لە دوازدەی خاکەلێوەی 1357ی هەتاوی لە تویی ڕاپرسییەکی گشتی کە ئەوکات وەڕێخرا دامەزرا. ئەوکات بە وتەی دەوڵەتی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامی لە سەدا نەوەد و هەشتی خەڵکی ئێران گووایە دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی داوە. دیارە زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو کە ئەو ڕێژەی نەوەد و هەشت لە سەدا درۆ بوو. بێجگە لەوە ئەگەر ئێمە کوردستانیش بە ئێران حیساب بکەین خۆ لە کوردستان خەڵکی کورد بە هۆی ئەوەی کە ئازاد بوون و کورستان بە دەست پێشمەرگەوە بوو دەنگی تیا نەدرا و هەر ئەوکات نایەکی گەورە بە ڕێفراندۆمەکەی خومەینی دراوە و ئەو نایەش بەو مانایە بوو کە گەلی کوردستان کۆماری ئیسلامی ناوێت! نەتەنیا گەلی کوردستان خۆیان بە ئێرانی نەدەزانی و دەنگیشیان نەدا و ئامادەش نەبوون چەکەکانیان دابنێن، بەڵکو کۆماری ئیسلامیش لە سەرەتاکانەوە کاری بە کوردستان نەدابوو!

لێرەدا دوو پرسیاری گرنگ دێتە ئاراوە، یەکەم ئەوەی کە کورد بۆ لەو ڕاپرسیەدا بەشدارییان نەکرد؟ و دووهەم ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ کوردی وەک ئێرانی حیساب نەکرد؟

لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا ئەتوانم بڵێم کە گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی دور و درێژ و خوێناوی لە خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری تێپەڕاندووە و ئەوکاتیش و پێشتریش و هەنوکەش لە خەبات بۆ وەدی هاتنی ئاواتە بەرزەکانی لە تێکۆشان ڕانەوەستاوە. زۆر پێش لەوەی کە گەلانی دیکەی ناو جوگرافیای ئێران بیر لە ئازادی بکەنەوە، گەلی کوردستان لە نێو وشەکەدا کوڵاوە و بۆ وەدی هاتنی ئەو وشە واتە ئازادی خوێن و بەهای زۆر قورسی داوە! ئەگەر کەمێک بگەڕێنەوە دواوەتر کاتێک لە ئێران سیستەمی ڕەزاخانی پەهلەوی سەقامگیر بوو، گەلی کورد بۆ سەربەستی و پێک هێنانی دەوڵەتی کوردی خەباتی دەکرد و لەو پێناوەدا کۆماری کوردستانی پێک هێنا.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یازده مانگ حکومەتی کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان بە سەرۆککۆماری پێشەوا قازی محەمەد، یەکێک لە گەورەترین شانازیەکانی مێژووی گەلی کوردە بە گشتی و لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی. ئەوە تاقە نمونەیەکە لە خەباتی بێ وچانی گەلی کوردستان بۆ ئازادی و نمونەیەکی هەرە پاکی ئەو خەباتە ڕەوایەی گەلەکەمانە لە ڕابردوودا کە بە پاکی باسی لێوە دەکرێت. نمونەی دیکە، خەباتی گەلی کوردستان لە دژی نیزامی پاشایەتی محەمەد شای پەهلەوەی بوو کە وێڕای گەلانی دیکەی ئێران، گەلی کوردستان لە وەدی هاتنی شۆڕشی پەنجاوحەوتی هەتاوی ڕۆلێکی کاریگەری گێڕا و پاش ڕووخانی نیزام، خەلکی کوردستان بە خێرایی چەکدار بوون و کوردستان کەوتە دەست خەلکەوە. گەلی کوردستان لەم هەلە کەلکی وەرگرت و کوردستانی گرتە دەست خۆیەوە و ئامادە نەبوو کوردستان هەر وا بە ئاسانی پێشکەشی کۆماری ئیسلامی بکاتەوە، و لە ڕاپرسی دوازدەی خاکەلێوەدا بەشدارییان نەکرد، بەلکو گەلی کوردستان بە تێکڕای دەنگ کۆمەلێک داخوازی هێنایە پێش کە دواتر هیچیان ولامیان وەر نەگرتەوە و کۆماری ئیسلامیش شەڕێکی خوێناوی بە کورد فرۆشت کە تا بە ئەمڕۆکەش درێژەی هەیە!! لە ولامی دووهەمدا کە بۆچی حکومەتی تازە بە دەسەلات گەیشتوو کوردی وەک ئێرانی حیساب نەدەکرد، بۆ ئەوەی کە خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی سیاسەتمەدارێکی ئەوتۆ نەبو، تەنیا ئەحکامی ئیسلامی و شەرعی دەزانی و هێشتا حکومەداری فێر نەبوبو. پاش ماوەیەک کە حکومەتەکەی هەندێک سەقامگیرتر بووەوە، ئەوجار کۆمەلێک سیاسەتمەداری فارس و کۆنە پەهلەوەی شۆڤینیست کە بە دەور و پشتیەوە بوون وەک بەنی سەدر و فروهەر و زۆری دیکەش، چوونە بن گوێ و هاواری وەرگرتنەوەی کوردستانیان لە دەست کوردەکان لای خومەینی بەرز کردەوە و خومەینیش هیچی نەدەزانی بێجگە لە بیکوژە و ببیڕە و بیستێنەوە، ئەوە بوو کە فەرمانی لەشکر کێشی و جیهادی بۆ کوردستان دەرکرد. لە هێرشی یەکەمدا شکستی گەورەیان خوارد، ئەوجار کەوتنە سیاسەت کردن لەگەل کورد و هەیئەتیان نارد بۆ کوردستان و لەولایشەوە هەم خۆیان تەیارتر کردەوە و هەمیش نەخشەی باشتر و بێڕەحمانەتر و خوێناویتریان بۆ گرتنەوەی کوردستان داڕشت، کە پاش بەرگرییەکی خوێناوی گەلی کوردستان و زەرەر و زیانێکی گەورەی مەعنەوەی و مادی، هێزە کوردیەکان، کە لە ناو خۆیشیاندا چارەی یەکتریان نەدەویست و ئەوەش زۆر لاوازی کردبوون، بە ناچار یەک بە دوا یەک شارەکانیان چۆل کرد و کۆماری ئیسلامی داگیری کردن، کە تا ئێستاشی لەگەل بێت، ئەو نیزامە دواکەوتووە بە خراپترین و نامرۆڤانەترین شێوەکان لەگەل ئازادیخوازانی گالی کوردستان هەلس و کەوت دەکەن و تا ئێستایش لە کوردستان کوشتنی خەلک هیچ لێپرسینەوەیەکی نیە! ئەوە بوو کە لە سەرەتاوە کوردستانیان وەک ئێران نەدەناسی و دەشیانزانی کە ڕاستە کوردستان ئێران نیە!

لە بابەت جولانەوەی سەوز لە کوردستان، وەک دەزانین کە گەلی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە کاتی شانۆگەری هەلبژاردنی بیست و دوی جۆزەردانی ئەمسال بوونە دو دەستەی زۆرینە و کەمینە! چەند حیزبێک لەوانە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و پاڕتی ئازادی کوردستان بانگەوازی خەلکیان کرد کە بچنە پای شانۆگەری ڕژیم و دەنگ بدەن، لە حالێکدا کە خەلک ولامی ئەو داخوازییەیان نەداوە، بەلام کەمینەیەک لە خەلک کە هەمو سالێک و لە هەر هەلبژاردنێکدا دەنگیان دەدا، ئەمجارەش دەنگیان داوە بە عەلاوەی خەلکانێکیش کە هەولیان دەدا ئەمجارە دەنگ بدەن بۆ ئەوەی کە ئەحمەدینەژاد و نوێنەری خامەنەیی ڕەت بکەنەوە، ئەم دەستەش چوونە پای شانۆگەری ڕژیم. بەلام وەک وترا زۆرینەی گەلی کوردستان ئەمجارەش دەنگیان نەدا بە کەس و نەچوونە پای ئەو شانۆگەریە!

پاش شانۆگەریەکە، عوزری خراپتر لە بەهانە ڕوی دا و بە پێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی خەلک، و وەک هەموجارێک کە پێشتر دیاری دەکرێت، بۆیە ناوی شانۆگەریە و ناوی هەلبژاردن نیە، ئەمجارەش ئەحمەدینەژاد نوێنەری خامەنەیی و ئیتلاعات و سپای پاسداران وەک براوەی شانۆگەری ڕاگەیەندرا و ئەمەش بووە هۆی جولانەوەیەکی نارەزایەتی بەرین لە هەمو ئێران، بێجگە لە کوردستان!

کەواتە ئەمجارەش زۆرینەی خەلکی کوردستان هەر وەک سالانی 1357ی هەتاوی خۆیان لە ئێران جیا کردەوە، بەو جیاوازییەی کە ئەمجارە حیزبە عومدەکان لە گەل ئێرانی بوونی کوردستان بوون، بەلام خەلکی کوردستان کە خۆیان لە ناو ڕوداوەکاندان، ئەوان خۆیان لە ئێران جیا کردەوە و نەچوونە ناو جولانەوەی سەوز. ناحەقیشیان نیە، ئاخر کەسانێک سەرکردەی جولانەوەی سەوزن کە خۆیان لە کوشتنەکان و سەرکوتەکانی گەلی کوردستاندا دەستیان هەبووە، ئەی چۆن ئەمڕۆکە هەر وا بەئاسانی دەچن شوێن کەسانێک دەکەون کە سەرکوتگەرن و ئەمڕۆ ناوی ئیسلاحخواز و چاکسازییان لە خۆیان ناوە. گەلی کوردستان ئەزانن کە ڕێگای ڕزگاری، جیابوونەوە لە ئێران و پێک هێنانی دەولەتێکی دیمۆکراتیکی کوردیە کە سەربەخۆ بێت لە هەر جۆرە کەین و بەینێکی سیاسی سیاسەتمەدارە جۆربەجۆرە کورد و فارسەکانەوە!! ڕەنگی جولانەوەی مافخوازانە و کۆنی گەلی کوردستان ڕەنگی تاقانەی سەوزی سەیدگەری و ئایینی و وابەستە نیە، بەلکو ڕەنگی جولانەوەی گەلی کوردستان، ڕەنگێکی هێند جوان و شادیهێنەر و فێنککەرەوە و و ئاشتیخوازانە و ئازادیخوازانە و دیمۆکڕاسی خوازیی و لە ئاکامدا سەربەخۆیی خوازییە و ئەو ڕەنگە تێکەلاوییەکە لە هەمو ڕەنگەکان! و ئالای ئەو جولانەوە لە کوردستان بێشک ئالای سوور و سپی و سەوز و زەردی کوردستانە و نەک ئالای ئێرانی بوون! کەواتە گەلی کوردستان جولانەوەی سەوز بە هی خۆی نازانێت و تێکەلاویشی نابێت و ئەمە بەو مانایە نیە کە کورد خەباتی خۆی دەوەستێنێت، بەلکو ئەو خەباتە لە ناوخۆ هەر وا بە گڕ و تین بەردەوامە تا گەیشتن بە ئازای و سەرفرازی و سەربەخۆیی!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەک خاڵی کۆتایی ئەبێت بڵێم کە جوڵانەوەی سەوز لە ئێران هەندێک خەوتۆتەوە و موسەوی و کەڕوبی، هەر کامە بە جیاواز و لە توێ وتەگەلێکدا ڕێبەرایەتی خامەنەیی و سەرۆککۆماری ئەحمەدینەژادیان قەبوڵ کردووە. ئەوان هێژەمۆنی حکومەتیان بە سەر داخوازیەکانی جوڵانەوەکەیاندا قەبوڵ کردووە و وردە وردە فەزای تەسلیم بوونیان خوڵقاندووە، بەڵام جوڵانەوەی خەڵک هەر وا بەردەوامە و وەک ژیلەمۆیەک وایە کە هەڵایسێتەوە. بە بڕوای من ئێران بەرەو دو قۆناخ دەڕوات، یەکەمیان شەڕی ئەمریکا و ئیسڕائیل و هاوپەیمانەکانیان لەگەڵ حکومەتی تاران و دووهەمینیان چەکدار بوونەوەی خەڵک. ئێران لە داهاتوودا توشی کارەساتی خوێناوی چەکداری ناوخۆیی دەبێتەوە و لەمبوارەدا پێویستە کە گەلی کوردستان و حیزبە کوردستانیەکان وریا بن و لە ئێستاوە خۆیان بۆ لێک نیزیکتر کردنەوە ئامادە کردبێت، بۆ ئەوەی لە سبەی ڕۆژی وەها سیناریۆگەلێکدا، ئەوان بتوانن وێڕای خەڵکەکەیان یەکدەنگ لە هەمو شوێنێک وڵامدەرەوە بن، ئەگینا کۆنترۆڵ لە دەست دەر دەچێت و هەر کەسە و هەر حیزبە و لە ئاوازێک دەخوێنێت و شەڕی ناوخۆیی زۆر ترسناک لە ئارادا دەبێت کە ڕوخساری گەلەکەمان لە لای ڕا گشتی خەڵکانی جیهان ناشیرین دەکات. کەواتە وریابوونەوە و خۆ لێک نیزیک کردنەوەی حیزبەکان بە بیر و باوەڕی جیاوازەوە ئەمڕۆکە لە هەمو شتێک گرنگترە!! بۆ پێشەوە بەەو یەک دەنگی و یەک هەڵوێستی!!

## ڕێکخراوی چاو وەک چاوەدێرێکی نەتەوەیی و سێ گۆشەی هێز و دیمۆکراسی و بەڕێوەبەری یاسا!!



ئەم وتارەی خوارەوەم لە پێنجی سەرماوەزی ئەمساڵدا واتە 26.11.2009 لە سەر ماڵپەڕە کوردیەکان بڵاو کردەوە. لیردا نامەوێت بۆ سەر تایتلی سەرەوە وتارێکی جیاواز بنوسم، بۆیە بەشی کۆتایی ئەو وتارە کۆنە لێرە لە خوارەوە دادەنێم، کە هیوادارم جێگای ڕەزامەندی و سوودی ئێوەی ئازیز و هۆگرانی سەربەخۆیی نیشتمانەکەمان بێت! وەک وتم هەمو وتارەکە نیە، بەڵکو بەشی کۆتاییەتی!!

### حیزبەکان نایکەن، ئەی ئێمە چی؟! چەند وتەیەکی حەق و ڕەق!

........ئەمڕۆ ئینتێرنێت گەورەترین خزمەتە بە مرۆڤایەتی و بە تایبەت دەتوانێت ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لە تەبعید لە دەرەوەی وڵات ئەژین، بە ئاسانی لە گەڵ ناوەوەی وڵات پێکەوە گرێ بداتەوە و ئێمەش لەم تێکنیکە کەڵک وەربگرین و هەمو ئەم تەیفانەی کە لەسەرەوە ناوم بردون، بەم دو شەرتەی کە یەکەم سەربەخۆ یا ناحیزبی بن و دووهەم باوەڕیان بە سەربەخۆیی کوردستان هەبێت، تەنیا ئەم دو شەرتەیان تێدا بێت، دەتوانین تا حیزبەکان خۆیان ساخ دەکەنەوە و دێنەوە سەر تایمی خۆیان، ئێمە لە دەوری یەک کۆ ببینەوە و گروپێکی نا حیزبی بە ناوی ڕۆشنبیرانی سەربەخۆییخواز، یا ڕۆشنبیرانی جیابونەوە خواز یا شتێکی لەم بابەتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک بێنین و نوێنەرایەتی هەر هەمو ئەو کوردانەی کە دڵیان بۆ نیشتیمانێکی ئازاد و سەربەخۆ لێدەدات، بکەین!
پێک هاتنی ئەم گروپە دەیان و سەدان قازانجی هەیە بۆ گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە من ئەوەندی زێهنم یارمەتیم دەدات تەنیا 30 خاڵ لە گرنگترینەکانی ئەو ئەرکانەی کە دەتوانێت بیگرێتە ئەستۆی خۆی، لیرە ناو لێ دەبەم و دڵنیام کە دەتوانین دەیان خاڵی دیکەیشی پێ زیاد بکەین!

1. کوردستانیانی ڕۆژهەڵاتی وڵات ئەبنە خاوەنی یەکەم نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان کە سەر بە هیچ حیزب و ئایین و ئایدیۆلۆژییەک نین و تەنیا کوردستان و نەتەوەکەی لە ناوەڕاستی تێڕاماندا دەبێت، واتە دینمان و ئاینمانە نیشتمان!
2. دەتوانێت ئەندامەکانی لە هەمو وڵاتانی جیهان لۆبی دروست بکات و کورد کە هەمیشە لەم کەم و کوڕییە ناڵاندوویەتی، ڕزگاری بێت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

3. دەتوانێت بە بێ ترس لە بەرژەوەندی حیزبی و بێ ترس لە ڕێگا نەدرانی لە کەین و بەینە سیاسیەکانی عەجەمان، بە تەواو مانا سەربەخۆ و وەک نوێنەری گەلێکی کۆیلەکراو لە هەمو شوێنێک تەنیا بە قازانجی نەتەوەکەی ئامادە و ئەسەر دانەر بێت.
4. کوردستان لە پرژ و بڵاوی ئایدیۆلۆژیەکان ڕزگار دەکات و کوردایەتی تەنیا ئایدیۆلۆژییەتی.
5. ئەهرومێک دەبێت لە سەر سەری حیزبەکان کە خەتی سوری نەتەوەکەیان تێ نەپەڕێنن و یاری بە گەلەکەیان لەمەڕ بەرژەوەندی حیزبی نەکەن.
6. تاقە بەرژەوەندی، بەرژەوەندی نەتەوایەتی دەبێت.
7. لە ئێستاوە هەمو هەوڵەکانی دەخاتە گەڕ بۆ ئامادە کردنی گەلی کوردستان بۆ ڕاپرسی یا ڕێفراندۆمێکی گشتی بۆ هەر کاتێک کە مەجالی بەڕێوە بردنی وەها ڕاپرسییەک بە شێوەی ئازاد و دیمۆکراتیک هەبێت، بۆ پرسی جیابوونەوە لە ئێران یا مانەوە!
8. کز کردنی، ئێرانیچیگەری و بە زۆر چەسپاندنەوەی کورد هەمدیسان بە ئێرانەوە، بێ ئەوەی لە خەڵک پرسیار کرابێت!
9. سەرگرتنی ئەم پرۆژە یارمەتی دەدات کە حیزبەکان ئەرکەکانی خۆیان هەمدیسان بناسنەوە و بێنەوە سەر تایمی خۆیان.
10. پاڵ پێوەنەر دەبێت بۆ ئەو حیزبانەی کە لێک جیابوونەوە، هەمدیسان چارەی خۆیان لە یەکگرتنەوەدا بدۆزنەوە!
11. ئەگەر بە باشی ئەرکەکانی بناسێت، خۆ ئامادە کارییەک دەبێت بۆ پێک هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە داهاتودا و بەرگری دەکات لەوەی کە حیزبەکان ببنە تاقە هێز و بە کەیفی خۆیان مەعامەلە لە گەڵ زروفەکە بکەن و ئەزمونەکانی باشوری کوردستان ڕەچاو دەکات!
12. هەوڵدەدات، ئەگەر هات و لە کۆمەڵگای سونەتی ئێمەدا یاسای نامرۆڤانە، نا دیمۆکراتیکانە، دژە ژنان و منداڵان و زۆر یاسای خراپی دیکە کە ڕەنگە حیزبەکان نتوانن بە هۆی تەعاروفاتی حیزبی بە تەنیا لە دژیان ڕاوەستن، ئەم وەک نوێنەری هەمو گەل لە دژی یاسا خراپە سونەتیەکان ڕادەوەستێت!
13. هەر کات لە داهاتودا تاوانبارێک خۆی لە باوەشی ئەم حیزب یا ئەو حیزبدا حەشار بدات، ئەوەی کە لە باشور دەمان دی، ئەم ڕێکخراوە دەتوانێت ڕاستەوخۆ تەداخول بکات و تاوانبار بداتە دەست داگایەکی عادل بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی!
14. هەر حیزبێک بیهەوێت عەشیرە چیەتی لە کوردستان بۆ مەرامی خۆی زیندو بکاتە، ئەم ڕێکخراوە نوێیە دەتوانێت هەڵوێستی کوردانە و باش بە قازانجی نەتەوەکەی بگرێت و بەر بەو دیاردە کۆنە دەگرێت!
15. هەوڵدەدات لە بەینی حیزبەکاندا باڵانسێک بۆ وتوویژ و پێکەوە کار کردن پێک بێنێت!
16. هەوڵدەدات لە گەڵ حیزبەکان وتوویژ بکات و لە هێزی پێشمەرگەی ئەوان، یا نەخێر هێزی خۆی ئەگەر بتوانێت پێکی بێنێت، سپای یەکگرتووی کوردستان پێک بێنێت و هاوکات کۆمەڵە لاوێکی لێهاتووی کوردستانی، لە قوژبنێکی جیهان، بنێرێت بۆ فێر بوونی ئەفسەری و فرۆکەوانی و زۆر شتی دیکەی لەو چەشنە بۆ دوارۆژی گەل و نیشتمانەکەمان!
17. هەوڵدەدات یەک نوێنەر بۆ هەمو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەفتەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیووۆرک یا ژنێڤ بنێرێت و نەک ئەوەی هەر حیزب و ئێن جی ئۆیەک تاقە تاقە و دوان دوان خۆیان لە ڕێکخراوی یوئێن وەک نوێنەری کورد بناسێنن و هێندەی تر سەر لەوانیش لە یو ئێن ناشێوێت!
18. هەوڵ دەدات وەک تاقە نوێنەری کورد، کۆمەڵکوژیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک بە دوا یەکدا بە جێنۆساید بناسێنێت!
19. هەروەها نوێنەرێکیش هاوکات لە پارلمانی ئوروپا ئامادە دەبێت و بێشک ڕێزی یەک نەتەوەی لێ دەگرن و نەک یەک حیزب!
20. بەم کارە، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دەکەوێتە جم و جۆڵ و هەوڵ دەدات کورد بە تێرۆریست بناسێنێت و لە لۆبییەکانی خۆی و هەمو ئیمکانات و هێزی خۆی کەڵک وەردەگرێت کە بەر بەم یەکگرتوویەی گەلی کوردستان بگیردرێت و ئەمەش هێندەیتر کێشەی گەلی کوردستان زەقتر دەکاتەوە و هەنگاوەکان بۆ سەرکەوتنمان نیزیکتر و توندتر دەکاتەوە و کۆماری ئیسلامیش هێندەیتر ڕسواتر دەبێت!
21. بە بوونی ئەم ڕێکخراوە، پاش ڕوخانی کۆماری ئیسلامی، ئەمجار ئێتر فارسەکان دەبن کە شوێن ئێمە دەکەون و نەک ئێمە هەمدیسان وەک هەمیشە بە شوێن ئەوانەوە بین و ئەوانیش بێ مافمان بهێڵن، بەڵکو ئەمجارە لە مەوزعی هێزەوە قسەیان لەگەڵ دەکەین و نەک بە پێچەوانە و بێشک ئەشبینە لێپرسراو لە زۆر کار و بار و کێشەی ناوخۆیی ئەواندا!
22. هەمو کوردستانیانی دەرەوەی وڵات بە بێکار و بە کاردارەوە، ئەگەر بۆخۆیان بیانهەوێت، لێک نیزیکتر دەکاتەوە و لە دەرەوەی وڵاتیش یەکگرتوویی کوردەکان باشتر دەبێت و ڕەنگە زۆر لە بێکارانی کوردیش لە ئوروپا بەم هۆیەوە بتوانن بە کارێکەوە خەریک بن و ئەگەر بشتوانێت، حەقدەستیش بدات، کە زۆر لە بنەماڵە کوردەکانی دەرەوە لە لێکترازان و مەجبور بوون بە کاری خراپ ڕزگار دەکات!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

23. زۆر باش دەتوانێت منداڵان و لاوانی کورد کە لە دەرەوەی وڵات لە دایک بوون یا گەورە بوون، بە هەستی نەتەوەیی گەلەکەیان ئاشنا بکات و ئەم هەستەیان وەک خۆشویستنی گەل و نیشتمان لە لا بە هێز بکات!
24. دەتوانێت زەخت بخاتە سەر ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدایە، بۆ ئەوەی خوێندنگای زمانی زگماکی بۆ منداڵانی کورد دابندرێت!
25. هەمو ساڵێک گەورەترین جێژنی نەتەوایەتی گەلەکەمان، واتە جێژنی نەورۆز لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات رێک دەخات!
26. هەوڵ دەدات نەورۆز وەک جێژنی نەتەوایەتی گەلی کوردستان لە رێکخراوە نێونەتەوەییەکان سەبت بکات، پێش ئەوەی تورک و فارس ئەم کارە بکەن!
27. هەوڵ بدات ئاسەوارە مێژوویە دزراوەکانی گەلەکەمان لە وڵاتانی جیهان پەیدا بکاتەوە و بە ناوی کوردەوە سەبتیان کەنەوە!
28. کارێکی گشتی و جیهانی بۆ بەر بوونی بەندکراوانی سیاسی کوردستان دەکات و هەوڵی هەڵوەشانەوەی سزای سێدارە بدات!
29. هەوڵ بدات ببێتە خاوەنی تلویزیۆن و رادیۆ و ماڵپەر و کۆمونیکاسیۆنی سەربەخۆی خۆی!
30. ..... و پڕ کردنەوەی زۆر کێشە و کەلێنی دیکە و گۆرانی باڵانسی هێزی کورد و فارس لە ئێران بە قازانجی گەلی کۆیلە ڕاگیراوی کوردستان و بێشک ئەمە دەبێتە گەورەترین و کارسازترین و مێژووییترین هەنگاو بۆ گەلەکەمان لە رۆژهەڵات.....!

**دیارە من نە سەرۆکی حیزبێکم و نە خۆیشم بە شتی وا دەزانم، بەڵام وەک کورد و کوردستانییەک کە ئەوە دەچێت بۆ نیو هەزارە واتە دەچێت بۆ 500 ساڵ کە گەلەکەم دەچەوسێتەوە و بە کۆیلە ڕاگیراوە و ئا بەم وەزعەی ئێستاش کە پرژ و بڵاوی گەلەکەم و حیزبەکانی دەبینم، هیچ ئاسۆیەکی رون بۆ خۆم و بۆ دوارۆژ نابینم کە جارێکی دیکە بە کۆیلە نەکرێینەوە. وەک پێشینیان دەڵێن، ماڵی خۆت قایم بگرە و سبەینێ کەس مەکە بە دز!! ئەمە زۆر ڕاستە، با ئێمە لە ئێستاوە ماڵی خۆمان کۆ بکەینەوە و بە ئامادەیی و یەکگرتووییەوە بەرەو ئاسۆ هەنگاو هەڵبێنین و سبەینێ هەمدیسان نەڵێین کە فارس زاڵمە و فارس مافمان پێشێل دەکات و فارس داگیرکەرە و ئا لەم شتانە، چونکو بە حەق ئەگەر سبەی رۆژ ئێمە هەمدیسان بە کۆیلە کراینەوە و هەمدیسان مافەکانمان پێشێل کرانەوە، ئیتر خەتای فارس نییە، چونکو ئەویش هەوڵ دەدات نەتەوەکەی خۆی بەرێتە سەر، بەڵکو خەتای خۆمان دەبێت کە خۆشخەیاڵ بووین. کەواتە گەلینە وەک فارس دەڵێن "سیلی نقد بە از حلوای نسیە" ئەمرۆ هەمو بریارێک لە دەست ئێمەدایە و دەبێت ئامانجمان دیاری بکەین و بریاری بۆ بدەین، ئەگەر نا سبەی هەمدیسان پەشیوان دەبینەوە لەو ئەرک و کارانەی کە دەبو بمانکردنایە و نەمانکردن. ئەمرۆ نەقدە، سبەی قەرزە! دەشزانم سبەی رەحمەت دەنێرن بۆ گۆری ئەم حەقیرە، کە فلانکەس زۆری وت و کەس گوێی بۆ ڕا نەگرت و بە قسەی نەکرد. هیچ نەبێت من ئەوکات ویجدانم ڕاحەت دەبێت!! دەیڵێمەوە دەبا هەر ئەمرۆ بریار بدەین و هەنگاوەکانمان یەک خەین، چاو لە ئاسۆ و ئامانجی سەربەخۆیی نیشتیمانی و نەتەوەییمان ببرین، با جیابوونەوە خواز و با نەتەوەیی بین، بۆ ئەوەی لە دەست کۆیلایەتی رزگاریمان بێت! کەواتە بۆ پێشەوە بەرەو پێک هێنانی ئەم پرۆژەیە، ئەم رێکخراوەیە کە هەرچییەکی ناو لێ دەنێیت و یەکەم هەنگاو من و تۆ هەڵی دەگرین و بێشک دەبینە هەزاران کەس، ئەگەر بتوانین ئەمرۆ بریار بدەین!
ئێوەش بژین بە خۆشی!**

05ی سەرماوەزی 2709

## شایەعەی کۆتایی ژیان لە ساڵی 2012 و ئەرکی ئێمەی مرۆڤ لەمەڕ ئەو شایەعانە!

**بە تەما نیم ترس بخەمە دڵی هیچکەسەوە بڵام پێویستە هەمو کەس ئەم زانیاریانەی هەبێت. کورد دەوڵەتی نیە و سبەی ئەگەر ئەم شایەعانە و ئەم ڕووداوانەی کە باسیان دەکرێت ڕاست بن و وەدی بێن، ئەوکات هیچکەس فریای کورد ناکەوێت بۆ ئەوەی کورد دەوڵەتی نیە. هەر دەوڵەتێک لە بیری رزگارکردنی گەلەکەی خۆیدا ئەبێت. بۆ نمونە لە کوردستان حکومەتی ئێران لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت فارسەکان و شیعەکان رزگار بکات، تورکیە حەولی رزگارکردنی تورکەکان دەدا و ئێراق و سوریەش کە تا عەرەب وەستابێت، کوا کورد بە مرۆڤ و بە هاووڵاتی خۆیان ئەژمێرن! تەنانەت کوردەکان لە ئوروپا و ئەمریکا و ئوستڕالیاش هەر تەنیان، چونکو لە هیچکام لەو وڵاتانە کورد بە رەگەز خەڵکی ئەو وڵاتانە نین و دایمە لە خانە و کاتیگۆری دووهەم و سێهەمدان! کەواتە کورد بە تەنیای تەنیایە لەم جیهانە، بۆیە پێویستە ئەم زانیاریانە بزانین، جا ئایا ئەم شتانە ڕاستن یا خۆ شایەعەن جارێ نازانین و لە شک و گووماندایین، بەڵام**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من پێم وایە نیشانەکان دەری ئەخەن کە هەندێک شت هەیە کە حکومەتەکان لە مرۆڤایەتی بە گشتی دەشارنەوە، بەڵام هەر کات مەترسییەکە جیدیتر ببێتەوە، ئەوا ئەوان بە خێرایی خەڵکانێک لە ڕەگەزی خۆیان هەڵ ئەبژێرن و دەیانپارێزن. ئەی ئێمەی بێ وڵات کێ بمانپارێزێت؟ کەس نیە، بەس خۆمان ئەبێت ئاگامان لە خۆمان و لە منداڵەکانمان و ئاگامان لە یەکتری بێت، بۆیە ئەم زانیاریانە پێویستن و ئەمەش ئەیسەلمێنێت کە کورد پێویستی بە حکومەتێکی سەربەخۆ و دڵسۆز بۆ نەتەوەکەی و مانەوەی ڕەگەزەکەی خۆی هەیە!! ئەگینا ئەگەر ئەو شایعانە است بن ئەوا ڕەگەزی کوردی بۆ هەمیشە دەسڕێتەوە و بە مێژوو ئەسپێردرێت!!! ئەگەر چی بەم پرژ و بڵاوییەی کە ئەمرۆکە لە نێو کورداندا هەیە و هەر حیزبە و لە ئاوازێک ئەخوێنێت و بە جیدی دروشمی دەوڵەتی کوردییان بەرز نەکردۆتەوە، بەم حاڵە پێک هێنانی حکومەتێکی کوردی هەرگیز تا دوو ساڵ و نیوی دیکە بە خەونیش نابینین، بەڵام ئەکرێت خۆ لە ئێستاوە لانیکەم هەوڵی بۆ بدەین و دروشمەکەی بدەین، بەڵکو هەمو شتێک شایەعە بێت!!




لەو وێنەی بەرانبەردا خاڵە گەورە زەردەکە خۆرە و ئەستێرەکانی سیستەمی خۆری کە هەشت دانەن لە ناو خۆرەکەدا دیارن. ئەوە گەورەیی خۆر لە ئاست ئەستێرەکانی دەوری خۆی لە گالاکسی ئێمەدا نیشان دەدات، زەوی لە ئاست خۆردا تەنیا بەقەدەر نوقتە یا خاڵێکە.

هەمو ئەو کەسانەی کە بە ئاسانی دەستیان بە ئینتێرنێت ڕائەگات و بە تایبەت ئەوانەی کە یەکێک لە زمانە گرنگەکانی جیهانیش وەک ئینگلیزی و ئاڵمانی و فەڕانسەیی و ئیسپانیایی یا خۆ چینی و ژاپۆنی و هیدیکە ئەزانن و بە شوێن زانیاریەوە بن، دەتوانن لە ڕێگای تۆڕی جیهانی ئینتێرنێتەوە و بە تایبەت لە یوتیوب بە ئاسانی هەمە جۆرە زانیارییەک وەر بگرن، چ ئەو زانیاریانەی کە ئازاد و ئاشکرا یا خۆ عەلەنین و چ ئەو زانیاریانەشی کە شاراوەن و حکومەتەکەنی جیهان ڕێگا لە مرۆڤەکان ئەگرن کە دەستیان بەو زانیاریانە ڕابگات، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا وڵاتەکەیان تووشی سەرلێشێوان و هەرج و مەرج نەبێتەوە! لەمبوارەدا کۆمەڵێک شتی شاراوە لەم ساڵانەی دواییدا بە زۆری لە ئینتێرنێت بڵاو کراونەتەوە کە لە هیچ کوێ بە فەرمی، یا بە شێوەیەکی بەربڵاو باسیان لێوە ناکرێت، ئەویش باسی ئاڵ و گۆڕێکی گرنگە کە بە پێی کۆمەڵێک زانیاری و لە ڕێگای کولتورە کۆنەکانی وەک مایاکان و هەروەها کتێبە کۆنە ئاسمانیەکانیش باسیان لێوە دەکەن، ئەویش ئاڵ و گۆڕە لە سیستەمی خۆری گەردووندا، واتە لەو گالاکسییەی ئێمەی تێداین، کە بە پێی هەمو زانیاریەکان بڕیار وایە لە یەکەمین ڕۆژی زستان یا یەکی بەفرانباری 2712ی کوردی یا 21ی دوازدەی 2012ی زایینی، کەمتر لە 3 ساڵی دیکە ڕو بدات. ئەگوترێت کە لەو ڕۆژەدا خۆر کە پاش 26500 ساڵان دەورێکی دیکەی گەڕانی ئاسایی خۆی تێپەڕاندووە، گەیشتۆتەوە خاڵی سیفر و دەیهەوێت دەورێکی نوێ دەس پێ بکاتەوە و کەوتۆتە نێوەڕاستی خەتی شیرییەوە! دەڵێن بەڵام ئەمجارەیان، واتە بەرە بەیانی یەکەمین ڕۆژی زستانی ساڵی 2012ی زاینی یا 1.10.1391ی خۆری بە پێی تەقویمی ئێرانی، ئیتر خۆر هەڵ نایات و جیهان لە تاریکاییەکدا دەمێنێتەوە، وەک شەو!! دەڵێن لەم حاڵەتەدا خۆر جۆرە گازێکی فوزیۆن کە تائێستاش بڵاوی کردۆتەوە، ئەمجارەیان زیادتر بڵاو دەکاتەوە و ئەم گازە دەبێتە هۆی لە ناو چوونی ئەوەی زیندەوەر و پەلەوەرە لە سەر زەوی!! *بە وتەی کتێبە کۆنەکان و کولتورە کۆنەکانی وەک مایا ئەم ئاڵ و گۆڕە بە مانای ئاڵ و گۆڕی گەورە لە سەر ئەرزن کە تراژیدیای لی ئەبێتەوە و ڕەنگە کۆتایی مرۆڤی ئەم سەردەمە بێت، هەروەها ئەکوترێت کە مرۆڤایەتی تا ئێستا چوارجار لە سەر ئەرز کووژاوەتەوە و هەمو جارێک کە ئەم ڕووداوە ڕووی داوە مرۆڤ بەرگەی نەگرتوە و ئەمجارە پێنجەمین جار ئەبێت!* بەڵام ئەگەر مرۆڤ ئەمجارە بەرگەی بگرێت و ڕێگاکانی خۆ حەشاردان و خۆپاراستن ببینێتەوە، ئەوا مرۆڤایەتی هەنگاوێکی ئێجگار گرنگ بۆ داهاتوو ئەنێت! جارەکانی پێشوو زانستەکان ون بوون و ژێر ئەرز کەوتوون، بەڵام ئەمجارە ئەپارێزرێن! لە لایەکی دیکەوە ئەکوترێت کە مادام هێرشکەر بۆ سەر زەوی خۆر و گازەکەی بێت، ((خۆر سەد و چواردە جار لە زەوی ئێمە گەورەترە و سەد و چل و حەوت تا سەد و پەنجا و دوو میلیۆن کیلۆمەتر، بە پێی فەسڵەکان، لە زەوی دوورە و ڕووناکاییەکەی بە هەشت دەقیقە دەگاتە ئەرز)) ئیتر هیچ دەرچوونێک نیە و خۆپاراستن لە مردن و لەناوچوون ئیتر لە دەست ئێمە تاکەکاندا نامێنێت و ناتوانین لە هیچ کوێ خۆمان حەشار بدەین و لەم کۆمەڵکوژیە خۆمان ناتوانین ڕزگار بکەین! مەبەستم بە هیچ کلۆجێک بڵاو کردنەوەی ترس یا شایعە نیە، تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە زانیاریمان هەبێت و ئاگامان لە یەکتر بێت! دیارە حکومەتەکان لەمبوارەدا گووایە زانیاری زیاتریان هەیە و دەڵێن کە حکومەتە زلهێزەکانی جیهان لە شەستەکانی سەدەی پێشووەوە خۆیان بۆ ئامادە کردووە. بۆ نمونە ئەکوترێت کە تەنیا لە ئەمریکا سێسەد و شەست پەناگای ژێر زەوینی زۆر قوڵ، هەر ئەوەی کە بۆ شەڕی ناوەکی یا شەڕی ئەستێرەکان و هیتر دروست کراون، هەر ئێستاکە بوونیان هەیە و ئەوە تەنیا لە ئەمریکایە و وڵاتانی ئوروپایی و ئاسیای و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەنانەت ئیسرائیل و ئێرانیش خۆیان بۆ وەها شتێک ئامادە کردووە و سروشتییە کە وڵاتانی دەوڵەمەند حەتمە خۆیان ئامادە ئەکەن. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ڕۆیشتنە ژێر زەوی و خۆ حەشاردان لە چەند سەد میتر یا چەند هەزار میتر لە ژێر عەرزدا فریایان ئەکەوێت یا خۆ دەڵێن وڵاتە گرنگە پیشەسازییەکان سەفینەگەلی ناوەکی گرنگییان ساز کردووە کە بە هۆی ئەوەوە دەتوانن بڕۆن بۆ فەزا یا خۆ سەر ئەستێرەیەکی دیکەی وەک مریخ و موشتەری کە لە زەوی دورترن بە خۆر. وەک دەزانین زەوی سێهەمین ئەستێرەی نیزیک لە خۆرە و پاشان ئەستێرەی مریخ دورترە و ئەوجار موشتەری لە هەردوویان دورترە!! بەڵام ئەگەر گازی فوزیۆن لە فەزادا بڵاو بێتەوە، ئایا ئاسمانیش ئەتوانێت پەناگایەکی باش بۆ خۆ پاراستن و ڕاکردن لە مردن بێت؟

یەکێک لەو کەسانەی کە ئەمڕۆژانە وتە و نووسراوە و وێنەکانی بە زۆری دەخوێندرێنەوە، کەسێکی زانا و پێشگوویە بە ناوی نۆستڕدام (Nostradamus). نۆستڕدام دەور و بەری 500 ساڵ پێش ئێستا ژیاوە. نۆستڕدام یەک لەو پێشگووانەیە کە لە ڕووی ئەستێرەکانەوە داهاتووی ئەبینی و ئەمڕۆکە دەکوترێت زۆر شتی لە 500 ساڵ پێش ئێستا بۆ ئەمڕۆ پێشگۆیی کردووە کە زۆربەی زۆریان زۆر دەقیق لە ئاو دەرهاتوون و بە دەقیقترین پێشگۆ ناوی لێ دەبردرێت، یەک لەوانە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و هاتنی خومەینی لە سی ساڵ پێش ئێستا بووە کە لە چوارینەیەکدا ئەو کات نووسیبوی کە بیست ساڵ پێش کۆتایی ئەم سەدەیە، واتە سەدەی بیست کە نۆستڕدامیش تێیدا ژیاوە، مرۆڤێک هێز ئەگرێتە دەست خۆی کە بە ناوی ئایین و ئایدیۆلۆژی جیهان نائەمنتر دەکات و جیهان توشی شەڕ و خوێن ڕشتن ئەکاتەوە!!
نۆستڕدام بۆ ئەم ڕووداوەی کە گووایە چاوەڕێمان ئەکات لە چوارینەی(Quatrain) 1:55 دا نووسیوویەتی کە: خوێنڕێژییەکی زۆرگەورە ڕو ئەدات، ئاسمان زۆر نا یەکسان زاهیر ئەبێت، لە سەر ئەرز، لە نێو ئاو و لە هەوا، حەشەرەکان، برسییەتی و پادشاکان، بڵاوبوونەوەی نەخۆشینەکان و سەرلێشێواوی هەمو جیهان ئەگرێتەوە!!
لە کتێبەکەی نۆستڕدامدا کە چەندین ساڵ پێش ئێستا لە ڕۆم بووە جێگای تێڕامان، حەوت وێنەی زۆر پڕ لە ڕەمز و ڕاز وێناکراون کە لە ڕێگای کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی جیهانی کۆدەکانیان ناسرا و پسپۆڕانی ئەو بوارە توانییان کۆمەڵێک لە پێشگۆییەکانی نۆستڕدام لەگەڵ کولتورە کۆنەکانی مرۆڤایەتی پێکەوە هەڵیانسەنگێنن و بۆ داهاتوو و بە تایبەت لەمەڕ ساڵی 2012 لەو وێنانەدا هەندێک زانیاری و پێشگۆیی بدۆزنەوە، کە دیارە لە یوتیوب بە زۆربەی زمانەکان زانیاری لەوبوارەدا زۆرن، ئەگەر بە دوا وشەی نۆستڕدامدا (Nostradamus) بگەڕێن! بۆ ئەوکەسانەی کە بیانهەوێت زانیاری زیاتر وەر بگرن لە ئینتێرنێت ئەتوانن زۆر زانیاری لەمەڕ ساڵی 2012 یا ڕای نۆستڕدام لەمەڕ ساڵی 2012 و یا بە نووسینی پرۆژەی چیۆپس کە لە خوارەوە باسی دەکەم، و یا کوونە ڕەشەکان و مادەی تاریک یا ئانتی ماتێریاڵ و یا ئەستێرەی ئێکس و یا کۆدێکس ئەلیمێنتاریوس کە ئەوانیشم لەم گۆڤارەدا باس کردوون، هەموویان لە ئینتێرنێت وەر بگرن! ئەمانەش بۆ ترسان و تۆقاندن و توش خەمۆکی بوون نین، بەڵکو تەنیا بۆ زانیارین و ئێمەش وەک خەڵکانی جیهان پێویستە ئەم زانیاریانەمان هەبن!!

## خاتو لوسیانا لۆبۆس و پلانێت ئێکس و پرۆژەی چیۆپس(Projekt Cheops)!!

کاتێک ئاوەها باسگەلێکی گرنگ کە لە سەرەوە کردوومە سەرتاپای بیری ڕووناکبیران و پسپۆڕانی جیهان بە خۆیەوە خەریک دەکات، خەڵکانێکیش هەن کە بۆ ڕێگا چارەی ڕزگاری مرۆڤایەتی ئەگەڕێن، یا هەر هیچ نەبێت وەها ئیدیعایەک دەکەن!! هەر کەسەی کە ئەو هەواڵانەی بیستبێت لە شوێنی خۆیەوە خەریکە. بەڵام وادیارە ئەگەر وەها ڕوداوێک ڕاست بێت، ئەوا مرۆڤایەتی لە چارەسەری ئەو گرفتە عاجز و ناتەوانە! بەڵام گرنگترین شت لەمبوارەدا بڵاوکردنەوەی زانیاریەکانە بە یەکتر. مرۆڤایەتی پێویستە ئاگای لە چارەنووسی خۆی بێت و ئاگادار بێت کە ئایا ڕووداوێکی بە سەردا ئەسەپێت یا خۆ ئەو ڕووداوە ڕووداوێکی سروشتیی دەبێت؟ یا نەخێر هەموی هەر شایعەن؟ ئەگەر شایعەن ئەو هەمو شتە نهێنیانە بۆ لە جیهان ڕودەدەن؟ هەمووومان وەک مرۆڤێک کە ئەندامی بنەماڵەی عەرزین و ئەو ڕوودوانە ئەگەر ڕاست بن ئەوا پەیوەندییان بە چارەنوس و مان و نەمانمانەوە هەیە، پێویستە ئەو پرسیارانە لە خۆمان بکەین! چونکو باسێکی دیکەش هەیە بە ناوی کۆدێکس ئەلیمێنتاریوس (Codex Alimentarus) کە گووایە کۆمەڵێک سیستەمی دەسمایەداری زۆر مەخوف و ترسناک کە هەمو شەڕەکانی جیهان ئەوان هەڵی ئەگیرسێنن، بە دوا ئەوەوەن کە حەشیمەتی جیهان لە شەش میلیاردەوە بۆ نیو میلیارد لە ڕێگای دەستکاری کردنی خواردنەکان و خواردنەوەکانەوە بۆ نمونە ڕشتنی فسفۆڕ لە ناو ئاودا کە هەر ئێستاکە تێیدایە، یا لێدانی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

واکسنەوە کەم بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەوان بە ئاسایشێکی زیاتر و کۆنترۆڵێکی باشتر بە سەر زەوی و مرۆڤایەتیدا بژین و ئاسانتر حکومەت بکەن و ئەو دەسەڵاتەیان پشت بە پشت بۆ خۆیان بهێڵنەوە وەک دامەزرێەرانی بانکی جیهانی، ڕاکفلێرەکان، فۆرِدەکان، مەلەکە ئێلیزابێتەکان، پادشا ئاسیایی و ئوروپاییەکان، بووشەکان و زۆری دیکە!!

یەک لەو مرۆڤانەی کە بە شوێن چارەسەرییەوەیە خانمێکەی مییانسالە بە ناوی لوسیانا لۆبۆس (Lucyana Lobos) کە خەڵکی پۆڵەن یا لەهێستانە! ئەم خاتوونە هیچ پسپۆڕی یا خۆ شارەزاییەکی لە بواری ئەستێرە ناسیەوە نیە و شوغلی ئەو ماساژ دانە، بەڵام وەک شتێک و بە قسەی خۆی لە شوێنێکی غەیبییەوە کۆمەڵێک زانیاری پێ ئەگات یا با بڵێین ئیلهامی پێ ئەکرێت! ڕاستییەکەی هەمو کەس ئەتوانێت لە ژیانی مرۆڤایەتیدا یا خۆ لە هەندێک کار و باردا کۆمەڵێک ئیدیعا بێنێتە پێش و بڵێت ئاوا و ئاوا، بەڵام هیچکەس باوەڕ بەو ئیدیعایانە ناکات، مەگەر ئەوەی کە بتوانێت شتێکی کە ئیدیعای ئەکات، بیسەلمێنێت، ئەمە زۆر گرنگە!!

لوسیانا لۆبۆس چەند ساڵانێک پێش ئێستا (2001) ئیدیعای کرد کە ئەویش ئەو باسەی بیستووە کە گووایە زەوی تووشی کێشە و ئاڵ و گۆڕی تراژیک دەبێتەوە، بەڵام بە قسەی خۆی ڕێگا چارەکەیشی لای ئەوە!! زۆر کەس لایان سەیر بوو کە ئەم خاتوونە ماسۆڕە کە هیچ شارەزاییەکی زانستی لە بواری ئەستێرەناسی و گەردووندا نییە، ئاوەها ئیدیعایەکی گەورە بکات! بەڵام ناوبراو توانی لە چەند بوواردا بەشێک لە ئیدیعاکانی بسەلمێنێت!! بە قسەی لوسیانا ئەو لە غەیبەوە یا خۆ لە شوێنێکی نادیارەوە زانیاری پێ گەیشتووە کە بۆ ئەوەی زەوی لە دەست ئەو کارەساتە ڕزگاری ببێت، مرۆڤ پێویست ناکات خۆی لە چەند هەزار مەتری ژێر زەویدا حەشار بدات، بەڵکو مرۆڤەکانی پێش ئێمە کە ئەوانیش لە هەندێک بواردا زۆر شارەزا بوونە، ڕێگەی ڕزگارییان لەو کارەساتە، پێش ئێمە دۆزیوەتەوە و ئێمە تەنیا دەبێت ڕێگای بەکار هێنانی ڕێگاچارەکانی ئەوان بدۆزینەوە!! واتە ئەو سەنعەتەی کە ئەوان هەزاران ساڵ پێشتر لە ئێمە دروستیان کردووە، ئێمە ڕێگای بەکار هێنانەکەی بدۆزینەوە و بەکاری بێنین!!

چیرۆکەکە ئالێرەوە دەستی پێ کرد کە لوسیانا لە سەرەتاکانی ساڵی 2001دا ئیدیعا دەکات کە ئەو ئیلهامی پێکراوە کە لە وڵاتەکەی خۆی واتە لەهێستان(Polen) لە کێوی سلێزا (Sleza) لە لای سۆبۆتکا (Sobótka) کە لە نیزیک شاری وڕۆسلاوە (Wroclaw) لە کەنیسەیەک لە زەمانی بۆلیسلاو چڕۆبڕی ( Boleslaw Chrobry) خەزێنەیەک پڕ لە ئەشیای کۆن کە لە زێڕن شاردراوەتەوە! پاش شوێنکەوتنێکی زۆر توانرا لە ڕێگای خویندنگای باڵای وڕوسلاو لە ڕێگای گروپێکی ئاڕخیۆلۆگی هەڵبژێردراو بە سەرۆکایەتی دوکتۆر ئەلێکساندر لیمیسیۆویز (Dr. Aleksander Limisiewicz) لە




ڕێکەوتی 17.08.2004 دەست بکرێت بە هەڵکەندنی ئەو شوێنە و کۆمەڵێک شت بدۆزرێتەوە و ئەمەش هەندێک لە ئیدیعاکانی خاتو لوسیانای سەلماند و قسەکانی هەندێک جێگای باوەڕ بوون، چونکو ئەو هیچ لە ئاڕخیۆلۆگی نازانێت، بەڵام توانیبوی ئەو شوێنەی کە شتەکانی لێیە بە شێوەیەی سەرسوڕهێنەر دەستنیشان بکات!!

لوسیانا پێشتریش ئیدیعای کردبوو کە ئەوەی کە دەکوترێت ڕەنگە لە ساڵی 2012دا شتێکی ناخۆش لە جیهان ڕوو بداتیش ڕاستە و ئەو ئیلهامی پێکراوە و ڕێگاچارەی ڕزگاری مرۆڤایەتی لە چنگ ئەو کێشە گەورەیە دەزانێت، چونکو لە غەیبەوە ئیلهامی پێکراوە! پاش ئەوەی ئیدیعاکانی باس دەکات دیارە خەڵکانێکی دەور و بەری خۆی پێیان جالب دەبێت و شوێن بابەتەکە ئەگرن، تا ئەوەی کە لە مانگی مای 2001دا پڕۆژەی ڕزگار کردنی زەوی بە ناوی پڕۆژەی چیۆپس (Projekt Cheops) دائەمەزرێنن!

لوسیانا ئەڵێت کە ئەو شارستانییەتەی کە لە کاتی دروست کردنی هێرەمە گەورەکانی میسر (Pyramide) بوونی هەبووە، لە باری زانستییەوە زۆر پێشکەوتوو بوونە و ئەو مەترسییەی کە ئێستا هەڕەشە لە زەوی دەکات، ئەوان ئەوکات ناسیویانە و بۆ ڕزگاری و چارەسەری ئەو گرفتە سیستەمێکی ئەمنییەتییان بۆ زەوی دروست کردووە، کە هەرکاتێک ئەو سیستەمە لە کاتی خۆیدا فەعال بکرێتەوە، ئەوا زەوی و مرۆڤایەتی لە دەست تیاچوون ڕزگاریان ئەبێت! بە وتەی لوسیانا کلیلی ئەم سیستەمە، تەرمی مومیایی فیرعەونی ئەوکاتی میسر بە ناوی چیۆپسە (Pharao Cheops) کە ئەو تەرمە مومیاییە لە نێوەڕاستی هێرەمە گەورەکەدا شاردراوەتەوە و ڕێگای دۆزینەوەی ئەو تەرمەش لە شوێنێکی دیکە لە دەرەوەی هێرەمەکەیە، کە لوسیانا دەزانێت لە کوێیە! بە وتەی لوسیانا، هەر کات خۆر نائارام ببێت و گازێکی فیزیۆنی زیادە لەحەد بداتە دەرەوە(Sonneneruptionen) کە مەترسی لە ناو چوونی مرۆڤایەتی بدات، ئێمە ئەبێت ئەو سیستەمەی میسرییە کۆنەکان بخەینە کار. کە ئەو کارەمان کرد، لە نوکی هێرەمە گەورەکەوە هێزێکی میغناتیسی تایبەت ئەڕژێتە دەر و دەوری زەوی ئەگرێت و کەمەربەندێکی میغناتیسی لە دەوری زەوی پێک دێنێت کە بەر بە نیزیک بوونەوەی ئەستێرەی ئێکسیش (Planet X) کە گووایە ئەویش لەوکاتەدا لە ساڵی 2012 لە زەوی نیزیک ئەبێتەوە دەگرێت و هیچ خەسارەتێک



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به زەوی ناگات. بەم کارە هەم لە هاتنی فوزیۆنی زیادی خۆر بۆ زەوی بەرگری ئەکرێت و هەمیش فوزیۆنەکان خونسا دەکرێنەوە! بە پێی ئیدیعاکانی لوسیانا هێرەمەکانی میسر زۆر لە ڕوی زانستییەوە پێک هاتوون و ڕێک لە ناوەڕاستترین مێحوەری زەویدان و ژێنراتۆرێکی زۆر بە هێزی وزەن و بۆ جوانی دروست نەکراون، بەڵکو بۆ ڕزگاری زەوی و لە ڕوی ئەو پێش بینییانەوە کە کراون پێک هاتوون! ئەوجار باسی ئەستێرەیەک لە شێوەی ئەرز بە ناوی ئاشون (Ashun) ئەکرێت!

دەکوترێت کە خستنە کاری هێرەمە گەورەکە کە ناویان ناوە چیۆپس تەنیا لە ڕێگای دۆزینەوەی گۆڕ و تەرمە مومیاییەکەی فێرعەون چیۆپسەوە کە خۆی دروست کەری هێرەمەکە بووە ئەکرێت. پاش ئەوەی کە تەرمەکە دۆزراوە، ئەبێت ببرێتە ژورێکی تایبەتی پادشا کە بۆ ئەو کارە تەرخان کراوە و بەم شێوەیە سیستەمەکە فەعال دەکرێتەوە، لە بەر ئەوەی کە لە ناو مومییەکەدا دەزگایەکی تایبەت داندراوە، کە ئەویش هەر ئەوکات خۆی فەعال دەبێتەوە کە مومییەکە لەو ژوورەدا لە سارکۆفانگ (Sarkophag) داندراوە! ئەمانە ئەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو دو شتە لە ژورەکە و لە نێو مومییەکەدا لێک نیزیک ببنەوە و ڕابیتەیەک لە بەینیاندا پێک دێت و یەکتر تەواو یا کامیل دەکەن! ڕەنگە میغناتیسێک بێت کە یەکتر باردار بکەن، و ئەوجار ڕابیتەیەک لەگەڵ ئەستێرەی ئاشون پێک دێنن. بەم شێوەیە دەرگای هێرەمەکە خۆی دەکاتەوە و ئەوجار ئەو وزەی بەرگریە ئەڕژێتە دەرەوە و لە دەوری زەوی دەئاڵێت و بەم شێوەیە بەرگری لە زەوی ئەکات!!

((من خۆم وەک نووسەری ئەم دێڕانە هەندێک ئەم بەشەی بە زیادە لە حەد خەیاڵی ئەزانم و ئەترسم ئەمە ڕێگایەک بێت بۆ زیندوو بوونەوەی چیۆپسی فێرعەون و دیسانەوە بە سەر جیهاندا حوکم بکاتەوە، هەمو شتێک مومکینە چونکو ئەم شایەعانە ژیان بەرەو خەیاڵ دەبەن، بەڵام زۆر جار ئەوە خەون و خەیاڵن کە دەبنە هەوێنی کارێک یا پرۆژەیەک یا هەر شتێکی دیکە!!))

جەماعەتی پرۆژەی چیۆپس قسەکانی لوسیانا و پرۆژەکەی لە لای حکومەتی میسری ئێستا باس دەکەن، بەڵام حکومەت داوای بەڵگە بۆ ڕاستی ئیدیعاکانی لوسیانا دەکات کە پاش دۆزرانەوەی خەزێنەکەی لەهێستان، ئەوجار حکومەتی میسر ئیزن دەدات کە بە پێی قسەکانی لوسیانا بە شوێن تەرمەکەی فێرعەونی گەورەدا بەگەڕێن. دەوڵەتی میسر ئیزن بە دەستپێکردنی ئەو پرۆژەیە لە هێرەمەکان دەدات و هاوکات تەنیا ئەوەندە زانیارییە کە لوسیانا هەیەتی تەواو نیە، بەڵکو پێویستە کە پسپۆڕەکانیش لەگەڵ ئەو بیر بکەنەوە و ڕێگاکان بدۆزنەوە! ئێستا دەوڵەتی میسر ئیزنی بە دەسپێکردنی پرۆژەی چیۆپس داوە و ئەمە خۆی ئەیسەلمێنێت کە ڕنگە هەندێک شت ڕاست بن کە باسیان لێوە دەکرێت، ئەگینا حکومەتێک بەو هەمو هێز و پسپۆڕ و شارەزایەوە، نەیان دەهێشت کە ژنێک بە بێ زانیاری و پسپۆڕی لە ئارخیۆلۆگیدا تەنیا بە پێی ئیدیعایەک دەستکاری هێرەمەکان بکات. هەر ئێستاکە لە دەرەوەی هێرەمە گەورەکەدا بە لۆدێر و بۆڵدزێر زەوی هەڵ دەکەنن، شتێک کە پێشتر هەرگیز ئیزنی پێ نەدرابوو، هاوکات کۆمەڵێک شتی بە نرخیش لەو شوێنانە دۆزراونەتەوە کە لا ماڵپەڕی پرۆژەی چیۆپسدا فیلم و وێنە لەو بارانەوە زۆر داندراون!

بە وتەی لوسیانا دەرگای چوونە ژورەوەی هێرەمە گەورەکە بۆ لای تەرمی چیۆپس، لە دەرەوەیە! پسپۆڕانی ئارخیۆلۆگی میسری و جیهانی پاش بیستنی ئیدیعاکانیلوسیانا، ئەوەشیان بیر ئەکەوێتەوەکە کاتی خۆی مێژوو نووسی یوانی هێرۆدۆتیش باسی ئەو هێرەمەی کردووە و باسی لەوە کردووە کە شوێنێک لەوێ لە ژێر زەوی دروست کراوەکە زیاتر لە 3000 ژوور یا (Labyrinth)ی هەیە، بەڵام ئەو ژوورانە تا ئێستاش نەدۆزراونەتەوە و پاش ئەوەی کە لوسیاناش باسی دەکات، ئەوجار دەکەونە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو ژوورانە و تەرمی زێڕینی چیۆپس!

سەرچاوەکان:

http://www.mefeedia.com/watch/23517673

http://www.alpenparlament.tv/playlist/116-2012-planet-x-und-die-bedeutung-der-cheops-pyramide



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## تێزیی مادەی تاریک یا ئانتی ماتێری (دژە مادە)! کوونە ڕەشەکان چین؟ (فـیـزیـکـی نـوێ)

(ئایا ئەزانن کە بەپێ فیزیکی نوێ ئێمەی مرۆڤیش قابیلی تەقینەوەین؟ ئێمە مادەین، ئەگەر لەگەل دژە مادەیەکدا لە یەکبدرێین، ئەوا ئەبینە وزە و شەوق!! بۆ زانیاری زیاتر ئەم وتارەی خوارەوە بخوێننەوە)

مادە و دژە مادە یا ماتێری و ئانتی ماتێری نوێترین باسی زانستی فیزییایە کە بۆتە هۆی پەیدا بوونی کۆمەڵێک بیر و بۆچوون و هزری جیاواز لەمەڕ ژیان لە سەر عەرز و مرۆڤ و بوون و نەبوون. ئەکوترێت کە دژە مادە یا ئانتی ماتێری برای بەدجنسی دوقولوی مادە یا ماتێرییە، وەک ڕۆح و لەش لە مرۆڤ و لە هەمو زیندەوەرێکدا!! پرسیارێک کە دێتە پێش ئەمەیە کە ئانتی ماتێری یا دژە مادە چیە و بۆ ون بووە و بۆ تا ئێستا باسی لێوە نەکراوە؟

لە سادەترین تاریفدا کە لە ئانتی ماتێری یا لە دژە مادە ئەکرێت، ئەکوترێت کە مادە و دژە مادە هەردووکیان وەک یەکن، بەڵکو تەنیا باری ئێلیکتیریکیەکەیان جیاوازە کە ئەو تایبەتمەندییە وا لە دژە مادە دەکات کە تاریک یا بێ ڕەنگ و نامەرئی دەکات! زۆربەمان فیلمی بنیایەمی نامەرئی یا "مرد شش میلیون دلاری" مان بینیوە یا بیستووە. گووایە ئەگەر مرۆڤ مادە نەبوویایە بەڵکو ئانتی مادە بوویایە، ئەوا وەک پیاوە نامەرئییەکەی لێ دەهات و کەس نەی ئەدی، لە حاڵێکدا بوونیشی هەبو!!

ئێمەتا ئێستا لە خوێندنگاکاندا تەنیا مادەمان ناسیوە و لە سەری خوێندنەوەمان کردووە. ئەوەندەی ئێمە تا ئێستا فێری بووبین ئەوەیە کە مادە لە کۆمەڵێک ئەتوم پێک دێت و هەر ئەتۆمێکیش لە ئێلێکترۆنی مەنفی و پڕۆتۆنی موسبەت پێک دێت، کە پڕۆتۆن لە ناوەڕاست یا لە هەستەی ئەتۆمدا جێی گرتووە و ئێلێکترۆنەکانیش بە دەوری هەستەکەدا ئەگەڕێن و ئەوەندەی من لە بیرم مابێت نۆترۆنیش هەرلە ئەتۆمدا بوونی هەیە کە ئەویش لە دەرەوەی هەستەدایە و باری ئێلیکتریکی خونسای هەیە! بەڵام ئانتی ماتێری کە ئێستا باس و کەشفی نوێی فیزیکە بەرعەکس یا لە دژی ئەو یاسایەیە کە ئێمە تا ئێستا خوێندوومانە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەتۆمی دژە مادە هەر ئەو حەجم و ئەندازەی هەیە، بەڵام لە ئانتی ماتێری یا لە دژە مادەدا باری ئێلیکتریکیەکانی وەک یەکن، واتە یا مەنفین یا موسبەتن. پڕۆتۆنەکان کە هەستەی ئەتۆمن لە ماتێریدا موسبەتن، بەڵام هەر ئەو پڕۆتۆنانە لە ئانتی ماتێریشدا هەر لە مەرکەزدان بەڵام لەوێ باری مەنفییان هەیە!

لە باسی گەردووندا ئێمە پێمان وابووە تا ئێستا کە هەمو شتێک لە مادە پێک هاتووە، لە حاڵێکدا فیزیکی نوێ چەند ساڵێکە کە ئەو هزرە کۆنە ڕەت ئەکاتەوە و ئەڵێت کە گەردوونی ئێمە هەم لە مادە (ماتێری) و هەمیش لە دژە مادە (ئانتی ماتێری) پێک هاتووە! گرفتەکە لێرەدایە کە ئەگەر مادە و دژە مادە لەگەڵ یەکتر بەرخورد بکەن هەردووکیان تیا ئەچن واتە فەنا ئەبن. بۆ نمونە پسپۆڕانی ئەو بوارە ئەڵێن کە ئەگەر ئێمە مادە و دژە مادە وەک دو ماشین لە نەزەریان بگرین، تا لە خەتی خۆیانەوە بڕۆن ئەوا هیچ ڕوو نادات بەڵام ئەگەر لە جادەی خۆیان لا بدەن ئەوا تەسادووف دەکەن و لێرەدا جیاوازییەکی زۆر گرنگتریشیان هەیە کە ئەگەر بێت و تەسادوف بکەن، ئەگەر دوو ماشینی عادی بن کە هەردووکیان تەنیا لە مادە پێک هاتوون ئەوا دواتر ماشینە زەربە خواردووەکان لەبەر دەست دان و ئەتوانین لێکۆڵینەوە بکەین کە چەندە خەسارەتیان پێ وارید بووە، بەڵام ئەگەر بێت و مادە و دژە مادە پێکەوە بەرخوورد بکەن ئەوا ئیتر هیچ ئەسەرێکیان نامێنێت و ئەبنە ئینیرژی یا وزەی فۆتۆن، ئیتر ناتوانرێت، تەحقیقیان لە سەر بکرێت کە چەندە خەساریان پێ وارید بووە! بەڵام ئەو ئینیرژییەی کە پێک هاتووە زۆر گەورە و بە هێز ئەبێت. لە بەرخوردی مادە و دژە مادەدا ئەگەر کەمیش بن ئەوا وزەی زۆر گەورە دروست ئەبێت! بۆ نمونە ئەگەر وەکو دوو مشت زیخ کە یەکیان مادە و ئەوی دیکەیان دژە مادە بن، لێک بدرێن، ئەوا لەو میقدارە کەمە، بەرقی یەک حەوتوی شارێکی وەک نیۆیۆرک وەر ئەگیرێت! بۆیە پسپۆڕان لەو باوەڕەدان کە گەردوونی ئێمە پڕە لە مادە و دژە مادە کە هەموویان لە مەداری خۆیاندا ئەسوڕێن، بەڵام ئەگەر بۆ نمونە زەوی ئێمە بەهەمو بوونەور و دار و بەردییەوە کە هەمووی مادەیە لە ئاسمان لەگەڵ دژە مادەیەکدا کە پسپۆڕان بە خاڵ یا کوونی ڕەش ناودێریان کردووە بەرخورد بکەن ئەوا زەوی تیا ئەچێت و ئەو دووانە پێکەوە وزەیەکی ئێجگار گەورە یا تەقینەوەیەکی ئێجگار گەورە لە ئاسمان ئەخوڵقێنن کە ئەو بەرخوردە ئینفیجاریە ئەبێتە گەورەترین وزەی ئونیڤێرسوم یا گەردوون! واتە کە ئەگەر مادە و دژە مادە یا لە باسەکەی مندا بۆ نمونە ئەگەر زەوی و کوونی ڕەش لەگەڵ یەک بەرخوردیان کرد و مونفەجیر بوون ئیتر هەردوویان ئەتەقنەوە و ئەبنە وزە و پاشان ون ئەبن! شارەزایان ئەڵێن کە ئانتی ماتێری یا دژە مادە بە پێچەوانەی مادە، جامد نیە بەڵکو فلوختیگ یا فەرارە و بە پێچەوانەی مادە کە دیارە، ئەو دیار نیە و نابیندرێت! لە دەور و بەری ئێمە و بە چاوی ئێمە ئانتی ماتێری لە هیچکوێ دیار نیە و نابیندرێت، بەڵام شارەزایان لە ڕێگای تێلێسکۆپی زۆر گەورە و بە هێزەوە لە ناوەڕاستی ڕێگای شیری گالاکسی ئێمە یا ئونیڤێرسوم یا گەردووندا بینیویانە کە بە شێوەی کوونێکی ڕەش خۆی دەر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خستووە، هەر بۆیە پێی ئەڵێن کوونی ڕەش، یا بۆیە ئەو ناویان لێ ناوە! واتە بە ئینگلیزی (Black Hole) و بە ئاڵمانی (Schwarzer Loch)!!

ئەوانەی کە شارەزایی یا خوێندنەویان لەمەڕ ئەستێرەکان و ئاسمان هەبێت ئەزانن کە ئێمە لە ناو گالاکسییەکدا ئەژین کە خۆرێک و هەشت ئەستێرەی دەور و بەری و یەک لەوانە ئەم زەویەی ئێمە و هاوکات بە میلیارد ئەستێرەی دیکەی تێدایە. کەواتە ئەمەی کە زەوی ئێمەی تیا ئەسوڕێت، تەنیا یەک گالاکسییە کە گەورەییەکەی هێندە گەورەیە کە تا ئێستا ژیری یا ئەقڵ و تەنانەت زانستی تا ئێستای مرۆڤ، گەورەیی تاقە یەک گالاکسی کە خۆمانی تێدا ئەژین، هێشتا مرۆڤ پێوانەی نەکردووە! ئەمە لە حاڵێکدا کە لە ئاسمان بە میلیارد گالاکسی دیکەشی تێدایە، کە تەنانەت گالاکسیەکانیش گەورەییەکەیان یا ژمارە و تیعدادەکەیان نازانین!!!!!
لەمەڕ چۆنیەتی پێک هاتنی گالاکسیەکان، یەکەمین گوومانی شارەزایان ئەوەیە کە لە کاتی دروست بوونی گەردوون، ماتێری یا مادە لە ئانتییەکەی واتە لە دژە مادە زیاتر بووبێت، بۆیە ئانتییەکە ون بووە. بۆ نمونە لە یەک میلیارد دژە مادە و یەک میلیارد و یەک مادە، یەک میلیارد ئانتی مادەکە لەگەڵ یەک میلیارد مادە یەکتر خوونسا ئەکەنەوە و تەنیا یەک مادە باقی ئەمێنێت! دیارە لە باسی گالاکسییەکدا ئیتر ڕەقەمەکان ئەوەند درێژن کە تەنیا کۆمپیوتێرێک ئەتوانێت بیژمێرێت، بۆیە من یەک میلیاردم لەگەڵ یەک میلیئارد و یەکدانە بۆ ئاسانکاری وەک نمونە هێناوە!!
باسێکی دیکە ئەمەیە کە زانست هێشتا نازانێت بۆچی ئاسیمێتری لە بەینی ماتێری و ئانتیماتێریدا هەیە، بەڵام زانست ئەزانێت کە ئێمەی مرۆڤ یا زیندەوەر بە بێ ئەوان بوونمان نابێت.
پرسیار ئەوەیە کە لای ئێمە ئانتی ماتێریەکان دیار نین، بەڵام ئایا لە گالاکسی دیکە بوونیان هەیە و دیارن؟ زانست لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەڵێت کە بەڵێ ئیحتیماڵی هەیە کە بە پێچەوانەی گالاکسی ئێمە، لە گالاکسی دیکە ئانتی مادە دیار بێت، بەڵام لەو حاڵەتەدا لەوێ ئەوجار مادە ونە و دیار نیە! ئەوەش بەو شەرتە پێک دێت کە لەوێ 99.9 دەڕسەد لە ئانتی ماتێری پێک هاتبن و مادە لەوێ تەنیا یەک دەهوومی دەڕسەد بێت. بەڵام ئەگەر گالاکسی ئەوان لەگەڵ گالاکسی ئێمە یا ئێمە لەگەڵ ئەوان تەسادوف بکەین، ئەوا ئینفیجارێکی گەورەی شەوق (نور) و وزە (انرژی) پێک دێت و هەردووکمان یەکتر خونسا ئەکەینەوە و مەعلوم نیە چیمان بەسەر دێت و ئەم دوو گالاکسییە چییان لێ دێت، بەڵام زیاتر لەوە ئەچێت کە ببینە وزە و تەقینەوە لە ئاسمان و شەپۆلێکی گەورە لە وزە پێک بێنین کە زەربە لە گالاکسیەکانی دیکە بدات، ئەوە هیچ کە خۆشمان وەک مرۆڤ ئەبینە سووتەمەنی...!!!
بۆ ئاگاداریتان تا ئێستا لە زەوی ئێمە زانایان توانیویانە ئانتی ماتێری یا دژە مادە لە ئەندازەی زۆر کەمدا لە زانستی پزشکی بخوڵقێنن، هەر ئەوەی کە بە دەرزی لە کاتی سکانی مەغزیدا بە مەغزی تەزریق دەکەن و ئەوە ئیزن بە دەزگای سکانە مەغزییەکان دەدات وێنەی جوان لە مەغز لە کاتی بیرکردنەوەدا بۆ چار سەری نەخۆشیە مەغزییەکان بگرین(PET)!
هەروەها پسپۆڕان باس لەوە ئەکەن کە لە دەور وبەری ئێمە لە گەردوون و لە ئاسمان، ئەوەی ئێمە (واتە پسپۆڕان) ئەی بینین و ناوی ئەستێرە و مادەی لێ ئەنێین، تەنیا بیست و یەک لە سەدی هەموو شتەکانە کە ئێمە ئتوانین بییان بینین، بەڵام حەفتا و نۆ لە سەدی ئەوەی لە گەردوونە، مادەی تاریک یا دژە مادە یا ئانتی ماتێرییە و مرۆڤ تەنانەت بە تێلێسکۆپە هەرە بەهێزەکانیش ناتوانێت ببینێت.
تاقە یەک جار کە شتێکیان لە ناوەڕاستی ڕێگا شیری گالاکسی خۆماندا بینیوە، خاڵێک یا کوونێکی ڕەش بووە کە ناویان لێ ناوە کوونە ڕەشەکە یا کوونە ڕەشەکان بە شێوەی کۆ.
بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەوە دەتوانن لە ئینتێرنێت و یوتیوب بە نووسینی وشەی "بلاک هۆڵ" لەو بارەوە زۆر زانیاری بە کەڵک وەربگرن!

---

## سەفەرە کاتیەکان چین؟ (فـیـزیـکـی نـوێ)

فیزیکی نوێ ئەڵێت کە لە ڕووی تیئۆری یا نەزەرییەوە، مرۆڤ ئەتوانێت لە نێو کات دا سەفەر بکات، بۆ نمونە بۆ دواوە بگەڕێتەوە. زانستی فیزییای نوێ ئەڵێت مرۆڤ ئەتوانێت سەفەری کاتی بکات بۆ ڕابردوو و بۆ نمونە دایک و باوکی خۆی کە فەوتیان کردووە ببینێت، تەنانەت سەفەر بۆ پێش لە لەدایک بوونی خۆی بکات کە هێشتا دایک و باوکی یەکترینیشیان نەناسیبوو و زیواجیشیان نەکردبوو!!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پسپۆڕانی فیزیکی ئەڵێن کە ئەمە لە باری تیئۆرییەوە مومکینە، بەڵام لە کردەوەدا هێشتا ڕێگایەکی دووری زانستیمان لە پێشە بۆ گەیشتن بەو ئاستە!

تیئۆری فیزیکی کۆنیش هەر باوەڕی بەو سەفەرە هەبوو بەڵام بەو جیاوازیەوە کە ئەیوت کە تۆ ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ دواوە و بۆ نمونە باوەگەورەت بکوژیت، ئیتر باوکت لە دایک نابێت و ئەوجار تۆش بوونت نابێت و لە ئاکامدا ناتوانیت بگەڕێیەوە بۆ ئێستا و هەر لە ڕابردوودا دەمێنیت، فیزیکی نوێ بەڵام ئەڵی کە تۆ ئەتوانیت سەفەری کات بکەیت و بڕۆیت و ئەو کارەش بکەیت، واتە باوەگەورەت بۆ نمونە بکوژیت، بەڵام بازەم بێیەوە بۆ ئێستا، ئەمانە هەموی تیئۆری و نەزەرین و کۆمەڵە باسێکی زۆر گەرم و گوڕ و زانستیین لە ئاستی فیزییای نوێدا، کە هیوادارم مرۆڤ تەمەنی درێژ بێت و بە هەمو ئەو زانیاریانە لە ئاست کردەوەشدا بگات!

کەسانێک هەن کە ئەڵێن ئەمریکاییەکان توانیویانە ئەو تیئۆری و زانیاریانە بە کردەوە بگەینن و بۆ نمونە بە بوودجە و پشتیوانی ماڵی دەوڵەتی ئەمریکا، ماشینی سەفەرە کاتییەکانیان دروست کردووە و کەسانێکیان بۆ داهاتوو ڕەوانە کردووە و زانیارییان وەرگرتووە کە جیهان لە داهاتوودا چی بە سەر هاتووە و ئەوان گەڕاونەتەوە و ئەو زانیاریانەیان داوەتەوە بە دەوڵەتی ئەمریکا و ئەوانیش حەول ئەدەن کۆمەڵە ئاڵ و گۆڕێک لە جیهاندا پێک بێنن بۆ ئەوەی کە ئەو ڕووداوانە کە مسافرەکانی کات دیویانن، لە داهاتوود ڕوو نەدەن و لە ئێستاوە بەری پێ بگرن. ئەم شتانە تا ئێستا لە حەدی تیئۆری تەوتەئەدا واتە بە ئاڵمانی (Verschwörungstheorie) ماوون و ڕاستی و دروستییەکەیان هێشتا نەسەلماوە و گووایە ئەوانە شتە نهێنییەکانی دەوڵەتی ئەمریکان کە لە چاو مرۆڤایەتی ئەیان شارنەوە. تا چەندە ڕاست بن منیش گوومانم هەیە کە ڕاست بن و زیاتر تەخەیووڵین تا واقیعی و ڕاستیی!!

بۆ ئەوانەی کە زانیاری زیاتریان لەو بارەوە پێویستە یا هەستیان جوڵاوە کە زیاتر لەو بارەوە بزانن، ئەتوانن لە ئینتێرنێت تیۆرانینەکانی دوکتۆر ڕۆنالد ماڵێت (Ronald Mallett) لەو بارەوە بخوێننەوە!! بە تایبەت لە یوتیوب فیلمی دۆکومێنتی لەوبارەوە (Zeitreisende) یا (Zeitmaschinen) یا (Timemashine) زۆرن!

## حکومەتی نۆڕوێژی لە مێژە خۆی بۆ ئەستێرەی ئیکس (Planet X) ئامادە کردووە!

**وەرگێڕ: ئەیووب ڕەحمانی**

**پێشەکی وەرگێڕ**

من وەک وەرگێڕی ئەم بابەتە، هیچ بەرپرسیارەتییەک لە بابەت ڕاستی و دروستی ئەو ئیدیعایانە کە لەم نووسراوەیەدا کراون لە ئەستۆ ناگرم، تەنیا هەوڵم ئەوەیە کە خەڵکانی کورد زمانیش ئەم زانیارییانەیان هەبێت و ئیتر تێڕوانینەکانی ئێوە چی دەبێت، نازانم، بەڵام مادام وەها شت گەلێک ئەکوترێن و بڵاو دەکرێنەوە، ئێمەش باشتر وایە بیان بیستین و بیانزانین و زانینەکەی لەنەزانینەکەی چاکترە!! ئەم نامیلکەیە لە ساڵی 2008دا لە ماڵپەڕە جۆربەجۆرەکان بڵاو کراونەتەوە و منیش لە ئاڵمانییەوە وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی و سەرچاوەکەیم لە کۆتایی وەرگێڕدراوەکەدا هێناوە کە دەتوانن لەوێش بیخوێننەوە! دیارە بە زمانگەلی جۆربەجۆر بوونی هەیە و ئەمەش کە لە بەر دەستتاندایە کوردیەکەیەتی. ئامانج و دروشم: کات کاتی گلۆباڵیزمە و ئەوەی لە جیهان ڕوئەدات پێویستە کوردیش بیزانێت!!

لەم نووسراوەدا نێکسوس (NEXUS) چەند وەرگێڕدراوێکتان لە ماڵپەڕی پڕۆژەی کامێلۆت (Projekt Camelot) ئەخاتە بەر دەست، کە لە چەند حەوتوی ڕابردوودا بڵاوکراونەتەوە. (وەرگێڕ: لە ساڵی 2008 بڵاو کراوەتەوە)

تەنانەت ئەگەر ئێمە وەک بەرپرسانی پڕۆژەی کامێلۆت نەتوانین ئەم زانیاریانە بە ناوی ئەسڵییەوە بڵاو بکەینەوە و بۆتانی بیسەلمێنین، بەڵام نە دەتوانین و نە ئیزنیشمان هەیە کە لە خەڵکیان بشارینەوە. ئەو کەسەی کە ئەم زانیاریانە لە ئەووە سەرچاوەی گرتووە، ماوەیەک پێش ئێستا بە ناوە ڕاستییەکەی خۆیەوە پەیوەندی پێوە کردین (کە ئێمە توانیمان لێکۆڵینەوە لەمەڕ ڕاستی و دروستیی ناوەکەی بکەین و بیسەلمێنین کە خۆیەتی) و لەگەڵ مایلەکەی چەند وێنەیەکی خۆیشی بۆ ناردبووین، کە لەو وێنانەدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی نۆڕوێژ و هەروەها لە (ئێمایلێکی دیکەدا) لەگەڵ بینەزیر بۆتۆدا وێنەی هەیە. ئێمە قەناعەتمان هێنا کە ئەو کەسە ڕاستە و درۆ ناکات، بەڵام پێویستە ئێوە تێمان بگەن کە ئێمە ناتوانین ناوی ڕاستەقینەی ئەو زانیاریدەرەمان و وێنەکانیشی بە بێ ئیزنی خۆی بڵاو بکەینەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گرنگ ئەوەیە کە ئەگەر بێت و ناوەڕۆکی زانیاریەکان بە ڕاست بگەڕێن، ئەوا دیارە باشترین کەڵک و خزمەت و زانیاری بە هەموان گەیاندووە و فەرمون لەگەڵ نامەکەی ئەو بەڕێزە:

من سیاسەتمەدارێکی نۆروێژیم. ئەمەوێت پێتان ڕابگەیەنم کە لە ساڵەکانی داهاتوودا لە بەینی ساڵەکانی 2008 تا 2012 کۆمەڵێک کارەساتی قورس و ناخۆش لە سەر ڕێگامان (و: جیهان و هەمو مرۆڤایەتی) دەبن.

حکومەتی نۆروێژی هەتا دێت زیاتر و زیاتر پەناگا و حەشارگەی ژێرعەرزی و ئەنباری خواردەمەنی زۆر گەورە دروست دەکات. کاتێک پرسیارم کرد ئەوانە چین؟ وەڵامم وەرگرت کە ئەوانە بۆ پارێزگاری لە حەشیمەتی نۆروێژی دروست کراون و کاتێک پرسیم کە کەی کۆتاییان پێ دێت، وتیان کە لە پێش ساڵی 2012 ئەبێ تەواو بوبن و کەڵکیان لێ وەربگیرێت!

هەروەها وڵاتانی ئیسرائیل و زۆری دیکەش خەریکی پێک هێنانی وەها حەشارگە گەلێکن!

ئەوەی کە ئایا من ڕاست ئەکەم یا نا، خۆتان لە وێنەکاندا کە بۆتانم ناردووە دەیبینن. من لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر سەرۆک وەزیری وڵاتان و وەزیرانیان ئەبینن کە من شەخسەن دەیانناسم و پەیوەندی ڕۆژانەم لەگەڵیان هەیە. ئەوانیش هەموویان ئەم شتانەی من باسیان لێوە دەکەم ئەزانن، بەڵام نایانهەوێت نە خەڵک ئاگادار بکەنەوە و نە لە وڵاتەکەیان هەرج و مەرج پێک بێنن. ئەستێرەی ئێکس ( planet X) ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە عەرز نیزیکتر ئەبێتەوە و نۆروێژ لە مێژە دەستی پێکردووە کە لە هەمو وڵات خۆراکی وشک زەخیرە بکات و بە یارمەتی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ئوروپایی تەنانەت لە سڤاڵبارد ئارخیپڵی 2 (Svalbard-Archipl 2) و هەروەها لە سەروترین ناوچەی نوروێژ لە قوتبی باکور حەشارگە دروست کراون. کارەساتەکە لێرەدایە کە حکومەت بە تەمایە تەنیا فەرمانبەرانی حکومەت و بەس ئەو مرۆڤانەی کە لە داهاتوودا پاش تەواو بوونی کارەساتەکە بە کەڵک بێن بۆ ئاوەدان کردنەوە، وەکو دوکتۆر و پسپۆڕانی جۆراوجۆر و هیدیکە ڕزگار بکات!

لە بابەت منەوە ئەزانم کە من لە پێش ساڵی 2012 بۆ ناوچەی مۆسژۆێن (Mosj0en) ئەنێردرێم، کە لەوێ حەشارگەیەکی نیزامی ژێرعەرزی لێیە. ئێمە لەوێ بە سەر چەند دەستەی جیاوازدا دەبەش ئەکرێین. سوور، شین و سەوز. کەمپەکان هەر لە ئێستاوە نیشانەی هێزی نیزامی نۆروێژی لێداروە و لە مێژە سازکراوە.

هەمو ئەو مرۆڤانەی کە لە دەرەوە بە جێ ئەمێنن و هەمو پێکەوە ئەمرن، ناتوانن هیچ یارمەتییەکیان پێ بگات. پلانەکە وا داندراوە کە دوو میلیۆن نۆروێژی ڕزگار بکرێن و هەمو ئەوانی دیکە بە تەنیا بهێڵدرێنەوە کە پێکەوە بمرن. ئەمە بەو مانایەیە کە بڕیار وایە کە تەنیا لە وڵاتی نۆروێژ 2،600،000 مرۆڤ لە تاریکایی و بە بێ هیچ یارمەتییەک تیا بچن.

هەمو بەشەکان و حەشارگا ژێرعەرزیەکان لە ڕێگای تونێل و ڕێگای ئاسن (وەرگێڕ: لە شێوەی مێترۆ) پێکەوە گرێدراون. بەشەکان لە ڕێگای دەروازەی زۆر گەورەوە لە یەک جیا کراونەتەوە بۆ ئەوەی کە لە کاتی مەترسیدا، کێشە بۆ یەکتر دروست نەکەن (وەرگێڕ: ئەگەر یەکیان ڕووخا زەربە بەوانیتر نەگات)!

من زۆر دڵگرانم. زۆرجار لەگەڵ ئەوانیتر کە ئەوانیش وەک من ئاگاداری وەزعەکەن پێکەوە ئەگرین و فرمێسک ئەڕێژین، چونکو زۆر کەس کاتێک لە کێشە و گرفتەکە ئاگادار ئەبنەوە کە ئیتر زۆر درەنگ بووە. حکومەت لە ساڵی 1983وە درۆ لەگەڵ خەڵک ئەکات. هەمو سیاسەتمەدارە گرنگەکانی ناو حکومەت ئاگایان لە هەمو شتێکە، بەڵام تەنیا بەشێکی زۆر کەمیان ئەو شتە بە خەڵک ڕائەگەێنن، چونکو ئەوانیش ئەترسن کە ئەگەر بیدرکێنن، ئیتر ڕێگای حەشارگەی نوحی 12یان ("NOAH 12") نەدەن و لە دەرەوە وەک ئەوانیتر بمرن.

هەرکامێک لە ئێمە ئەگەر ئەم زانیاریانە بە خەڵک بدەین، ئەوا حوکمی مەرگی خۆمان تۆمار کردووە. من لەو بارەوە هیچ ترسێکم نیە. بۆچی تەنیا نەوعێکی تایبەت لە مرۆڤ زیندوو بمێنێت و باقیەکەی تیا بچێت؟ کۆمەڵانی خەڵک پێویستە ئەم زانیاریانە بزانن.

هەمو حکومەتەکانی وڵاتانی جیهان زانیاری وەدی هاتنی ئەو کارەساتەیان هەیە، ئەوان دەڵێن کە وەها شتێک دەتوانێت ڕو بدات. هەرکەس ئەیەوێت خۆی ڕزگار بکات و ئیمکانی خۆ ڕزگار کردنی هەیە، تەنیا ئەتوانم ئەو نەسیحەتەتان بکەم کە بۆ شوێنە بەرزەکان بگوێزنەوە و لەوێ غار و ئەشکەوت ببیننەوە کە لەوێ بتوانن زەخیرەی وشکی خواردن و خواردنی کۆنسێرڤ کراو و ئاو بۆ پێنج ساڵان ئەنبار بکەن. هەروەها دەوا و دەرمانی جۆراوجۆر و بە تایبەتیش دەرمانەکانی لە دژی شەپۆل یا ئەشعەی ڕادیۆئاکتیڤ و شتی لەو بابەتە و هەروەها جل و بەرگی تایبەتی بۆ بەرگری لەو ئەشعانە زۆر پێویست دەبن، دیارە ئەگەر بودجە یا توانای کڕیاریتان یارمەتیتان بدەن!

من لێرەشدا حەز ئەکەم پێتان ڕابگەیەنم کە خودا پشتیوانی هەمومان بێت، بەڵام ئەزانم کە خودا یارمەتی کەسمان لەو ڕۆژەدا نادات. هەموی ئەکەوێتەوە سەر تاقە تاقەی ئێمە خۆمانەوە. کەواتە تکایە بە خەبەر بنەوە و وشیار بن!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من ئەشمتوانی کە ئەم شتانە نەک بە ناوی خۆمەوە، بەڵکو بە ناوێکی خوازڕاوەوە بنوسم، بەڵام من هیچ ترسێکم لە مردن نەماوە. ئەگەر ئێمە کۆمەڵێک شت بزانین و زانیاریمان زیاد کەین، ئەوجار ئێمە ئەبینە پاڵەوان و مەرگ ناتوانێت ئەژنۆمان بشکێنێت. من دڵنیاتان ئەکەمەوە کە ئەم شتانەی کە باسم کردن، لە سەدا سەد ڕوو دەدەن. ئێمە ئێستا چوار ساڵمان لە پێشە کە خۆمان بۆ فازی کۆتایی ئامادە بکەین. هەوڵ بەن چەک و سیلاح بۆخۆتان پەیدا بکەن و لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە یەک نیزیکن و باوەڕتان بە یەک هەیە، کۆمەڵەگەلێکی فریاکەوتن بۆ خۆتان پێک بێنن و شوێنێک بۆ خۆتان پەیدا کەن کە لەوێ ئەمن بن و بۆ ماوەیەکی دور و درێژ خواردنتان هەبێت.

هەر پرسیارێک کە ئێوە لە بابەت بەشداری حکومەتی نورویژی لەمبوارەدا ئەتانەوێت بپرسن، من حەول ئەدەم باشترین زانیاریتان بدەمێ. تەنیا بە باشی سەیری دەور و بەرتان بکەن، لە هەمو کوێ حەشارگەی ژێرعەرزی دروست ئەکرێت، مرۆڤەکان تەنیا پێویستە چاویان بکەنەوە. حکومەتەکان لە وڵامی پرسیاری ئەوە کە چی دروست دەکەن تەنیا ئەو وڵامە ئەدەنەوە کە، ئەها.. ئەوە تەنیا خواردن زەخیرە ئەکرێت، ئەوان ئەیانەوێت بە درۆ شتەکە لە بیرتان بەرنەوە و گوومڕاهتان کەن!

تەنانەت من لەم گرفتەدا ئەتوانم کارتێکەریەکانی هێزێکی غەیرە عەرزیی ببینم، چوونکو من ئەو چاوەڕوانیانەی کە لە سیاسەتمەدارە سەرەکیەکانی نۆرویژی هەمە نابینم و هەڵس و کەوتیان گۆڕاوە، وەکو ئەوە وایە کە مێشک و هزریان لە شوێنێکەوە کۆنترۆڵ ئەکرێت و لە شوێنێکەوە ئەمریان پێ دەکرێت کە چی بڵێن و چی بکەن. من ئەم جیاوازیانە ئەتوانم لە چاوەکانیانەوە و لە هەڵس و کەوتە نەفسی و جەستەییەکانیانەوە تێ بگەم.

بیر لەوە بکەنەوە کە: ئەوانەی کە لە ساڵی 2012دا لە شارەکان بمێننەوە، یەکەمین کەسەکان دەبن کە توش ئەبن و ئەمرن. پاشان ئەڕتەش ئەمری پێ ئەکرێت کە هەمو ئەو کەسانەی کە زیندوو ماون بۆ ئوردوگاکان ڕابگوێزن و ئەوان فەرمانی تیریان هەیە و هەرکەس بەرگری بکات لە ڕۆیشتن ئەوا ئەیکوژن، لەوێ هەر کەس مارکێک یا نیشانەیەکی لێ ئەدرێت.

من بۆخۆم بە چاوی خۆم بینیم کە لە ماڵپەڕەکەیان ناوی بینەزیر بۆتۆیان نووسیوە، مەرگی ئەو زۆر تراژیکی بوو. وەک لە وێنەکاندا ئیبینن، کە من لە نیزیکەوە هەم بینەزیر بۆتۆ و هەم زۆر سیاسەتمەداری بە ناوبانگی جیهانیم لە نیزیکەوە ناسیوە.

ڕای گشتی تا ئەخیر ساتەکان لە هیچ ڕووداوێک ئاگادار نابێت، کە بڕیار وایە چی ڕو بدات، بۆ ئەوەی کە حکومەت دەی هەوێت بەر بە هەرج و مەرجێکی گشتی بگرێت. هەمو شتێک بە بێدەنگی ڕوو دەدات و ئەوجار لە پڕ حکومەت ون دەبێت و یاسا نامێنێت.

من ئەمەوێت بەڵام داواتان لێ بکەم کە: بە بێ دەنگی بەرەو شەو و تاریکی مەڕۆن. پێشتر مشوری هەندێک ئەرک بۆ خۆتان و بۆ بنەماڵەکانتان بخۆن. لەگەڵ کەسانێکی دیکەدا پێکەوە خۆتان گرێبەن و لێک نیزیک ببنەوە، بۆ ئەوەی بۆ ئەو ڕۆژانە خۆتان ئامادە کردبێت. سڵاو و ڕێزم بۆ هەموان (ناو و واژۆ، لای ماڵپەڕی پڕۆژەی کامێلۆت پارێزراوە! (وەرگێڕ: کۆتایی نامەی یەکەم)

<u>ماڵپەڕی پڕۆژەی کامێلۆت: لە وڵامی پرسیارە کۆنکرێتەکانی ئێمە لەو بەڕێزەی کە ئەو نامەی بۆمان ناردبوو، ئەم وڵامە ڕاستەوخۆیانەمان لێی وەرگرتەوە:</u>

من سەردانی چەند دانەی (ڕەقەمەکەی لای ماڵپەڕ هەیە) جۆربەجۆری ئەو حەشارگە ژێرعەرزیانەم کردووە، ئێمە بە ئۆتۆمبیلی سەر ڕێگای ئاسن ( جادەی ئاسن) هاتوچۆمان دەکرد. بۆ ئەم سەردانە تەنیا چەند کەسانێکی تایبەتیان هەڵدەبژارد، ئەو کەسانەی کە لەگەڵ نوخبەکان پێکەوە کار ئەکەن، لەم شتە ئەزانن و ئاگادارن.

من ئەتوانم هەمو ئیدیعاکانم بسەلمێنم و باوەڕی تەواوم بە سەرچاوەکانم هەیە، کە ئەوان بە داخەوە ئەترسن لەوەی کە وەک من لە ڕوی ڕای گشتی قسەکانیان بکەن. ئەمانە بەداخەوە ترسیان لە مردن هەیە. من ئەمەوێت بەس بە ڕای گشتی بە جورئەتەوە ڕابگەیەنم، کە شەیتان بە لەعنەت چ خەبەرە و بۆ بە خەڵک ناڵێن چی ڕوو ئەدات، نە ترسم لە مردن هەیە و نە لە هیچ شتێکی دیکەی لەو چەشنە.

ئۆتومبیلە ڕێگای ئاسنەکان کە ناویان "نوحی 12"یە بۆ هاتوچۆ دیاری کراون لە بەینی حەشارگە ژێرعەرزیە جۆراوجۆرەکاندا. هەموویان لە ڕێگای سیستەمێکی تایبەتیەوە کە لە لایەن ئەڕتەشەوە بەکار ئەهێنرێت پێکەوە گرێدراون و هەر لە لایەن ئەڕتەشیشەوە کۆنترۆڵ ئەکرێن. هەر حەشارگەیەک بە نیشانەی سێ گۆشەی پڕتەقاڵی ڕەنگ نیشانە کراون و هەموویان بەشێکی کۆنترۆڵ و بازدیدیان (سەیتەرە) (Check-in) هەیە. جۆرێک لە مەیدانی میغناتیسی کە هەر کەس دێتە ژورەوە ئەبێت حەتمەن بە ناویدا تێپەڕێت.

من زۆر خەمی داهاتووی منداڵەکانی خۆم و هەمو ئەو منداڵانەی دیکەشمە کە لە جیهانی نوێدا لە دایک ئەبن و گەورە دەبن. بۆیە ئێمە ئیزنمان نیە کە لەمە زیاتر بێدەنگ بین و ڕاوەستین، بۆ ئەوەی کە دواتر منداڵەکانمان ئەوە بزانن کە، دایک و باوکەکانیان بۆ داهاتوو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و ئەمنیەتی ئەوان هەوڵیان داوە و تێکۆشاون، ئەویش بەو شێوەیە کە ئەم زانیاریانە بە هەمو لایەک بگەیەندرێت. ( وەرگێڕ" واتە بڵاوکردنەوەی ئەم زانیاریانە خزمەتە بە منداڵانمان و ڕەگەزی داهاتوومان)!

بڕیار وایە کە ساڵی 2009 حیزبی دەستە ڕاستی بۆ پێشەوە هێز بگرێت و بێتە سەر و سیڤ یێنسۆن (Siv Jensen) لەو حیزبە ببێتە سەرۆک وەزیرانی نۆرویژ. ئەمە لە ئێستاوە دیاری کراوە. هەڵبژاردنەکان یەکێک لە کلاوبەرداریەکانە لە دژی خەڵک و هەمو ساڵێک هەر جەماعەتێکی تایبەتی لە نوخبەکان هەڵ ئەبژێردرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە تەنیا ئەوەندە بەسە کە مێژووی سیاسیی نۆرویژ و هەمو ئەوانەی کە ئەمڕۆ و لە ڕابردووشدا لە قودرەتدا بوون بخوێنیتەوە!

پاش بڵاو بوونەوەی ئەم زانیاریانە لە ئینتێرنێت، تەنیا گێرە و کێشە بە نسیبم ئەبێت. من پێویستیم بەوە نیە کە کەس یا کەسانێک تووشی سەرلێ شێواوی بکەم، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەی ئەکەم کە ڕوونی بکەمەوە کە بەڕاستی لە وڵاتەکەم چی بە سەر چیەوەیە. لەوانەشە لە داهاتوودا کەسانێک لەم ڕووداوەی کە لە سەر ڕێمانە گیانیان بە زیندوویی بەدەر بەرن. ((واژۆ ناسراوە))

<u>ماڵپەڕی پرۆژەی کامێلۆت: پاش بڵاو کردنەوەی ئەم زانیاریانەی سەرەوە لە ماڵپەڕەکەمان، کۆمەڵێکی دیکە پرسیارمان خستە بەر دەم سەرچاوەکەمان، کە بەم شێوەیەی خوارەوە وڵامی بۆ ناردینەوە.</u>

<u>تێبینی: ئەو وڵامانەی کە بە ئەستێرە (*) دیاری کراون، ئەوانەن کە بە جیا لە تەکمیل و لە بەینی وڵامە پێشوەکاندا پچڕ پچڕ بۆی ناردووین!</u>

وڵام: لە کاتی سەربازیمدا من لە بەشی (ناوەکە لای ئێمە پارێزراوە) خزمەتم دەکرد. ڕۆژێکیان ئێمە فەرمانێکمان پێ کرا کە شتێک لە یەکێک لە حەشارگەکان بۆ حەشارگەیەکی دیکە بگوێزینەوە. پێیان وتین کە چوون بۆ ئەوێ "ئیزنی دەربڕینی هیچ پرسیارێکتان نیە، تەنیا کارەکەتان بکەن و بگەڕێنەوە". پاش ئەوەی کە لە دەرەوەی یەکێک لە حەشارگاکان نیشتین، (و: دیارە بە فڕگە یا هێلیکۆپتەر چوون)، بە کامیون بردیانین بۆ بەر دەروازەیەکی زۆر گەورە، کە لە لایەن سەربازگەلێکی پڕ چەکەوە کە ئێمە نەماندەناسین بە قایمی چاوەدێری دەکرا.

ڕەنگە ئەو سەربازانەش سەر بە ئەرتەش بوون، بەڵام ئەوان جل و ئونیفۆرمەکانیان جۆرێکی دیکە و هەندێکیان بە ڕەنگی پرتەقاڵی و هەندێکیشیان ڕەش بوون. بە جۆرێک کە ئونیفۆرمە پرتەقاڵیەکان بە سێ گۆشەی تەلایی (لە ڕەنگی زێڕ) و ئونیفۆرمە ڕەشەکان سێگۆشەی سەوزیان پێوە بوون.

(*) تا ئەو جێگایەی کە لە بیرم مابێت، سێ گۆشەکان ڕوویان لە خوارەوە بوو، واتە نووکەکەیان ڕوو لە خوارەوە، وەک ئەوەی کە هێرەمێکت سەرەو خوار دانابێت، بە نیشانەیەکی عەجیب لە ناوەڕاستیدا. نیشانەکە بۆ من لە پیتی ئێ (E) دەچوو، بە شێوەیەک کە خەتەکانی ئەو پیتە پێکەوە نە نووسابون و لە ناوەڕاستی پیتەکەشدا هەندێک بۆ ناوەڕاستی ئەڕوانی! ئەوە پیتێک نەبوو کە من بیناسم و بە دڵنیاییەوە نۆرویژیش نەبوو.

(*) تا ئەو جێگایەش کە ئاگادار بم، نیشانەکان (وەرگێڕ: واتە سێ گۆشەی تەلایی و سەوزی سەرەوخوار بە پیتی وەک ئێ لە ناوەڕاستی)، وەک ئەوەی کە مەعموولە بە سەر قۆڵەکانیانەوە نەبوو، بەڵکوو بە سەر سنگی چەپی ئونیفۆرمەکانەوە و هەروەها بە سەر کڵاوە نیزامیەکانیانەوە بوون. نیشانەکان زۆر گەورە نەنووسرابوون، بەس ئەوەندەی کە من دەمتوانی بیانخوێنمەوە.

ئێمە بە ناو دەروازە گەورەکەدا ڕۆیشتین، من لە خۆم دەپرسی، ئەرێ بە خاتری شەیتان ئەمە چیە؟ تەنانەت لە سەرەتاوە هەندێکیش ترسابووم، بۆ ئەوەی کە یەکەم جارم بوو کە وەها حەشارگەیەک ئەبینم. زۆرتر وەکو ئەوە دەچوو کە ئەم شتانە لە فیلمێکی هۆلیوودی ئاکشندا ئەبینم. ئەوجار گەیشتین بە تونێلێکی 500 مەتری کە لەوێش لە دەسپێکەکەی کۆمەڵێکی دیکە لەو سەربازە چەکدارانەی کە باسم کردن چاوەڕێیان ئەکردین. بە سەر چەند گروپدا دابەش کراین. گروپێک لە ئێمەیان بەرەو ئەولاوە نارد، لە حاڵێکدا بە ئێمەشیان وت کە بە دووا گروپێک سەربازی چەکداری ئونیفۆرم ڕەشدا بڕۆین. لە کۆتایی تونێلەکەدا داوامان لێکرا کە بۆ ئاگاداری خۆمان پێویستە ماسک لە دەموچاومان ببەستین.

لەبەر خاتری ئاگاداری لە خۆمان؟ من لە خۆمم پرسی، بۆ مەگەر ئێمە لەم حەشارگە ژێر عەرزیەدا و بەم هەمو سەربازە چەکدارەشەوە هێشتا پارێزراو نین؟

ئەوجار داوامان لێکرا کە سوار یەک لەو ئوتومۆبیلی ڕێگای ئاسنانە ببین، کە بە زاهیر بە وزەی کریستاڵێکی ڕەنگ بنەوش و شینەوە کاریان دەکرد! لانیکەم ئەو شتە بۆ من وا دیار بوو. پاش ئەوەی کە هەمووما سوار بووین و لە شوێنی خۆمان دانیشتین، من لە یەکێک لە سەربازەکانی ئەوێم پرسی، ڕاستی ئەوە چیە؟ خێرا وڵامی دامەوە: پێویست ناکات ئێوە ئەوە بزانن، بەڕێز (Sir)!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(*) له پێشەوە لە تەنیشت لێخوورەکەوە شتێکی وەکو پەنجەرەیەک دیار بوو. یەک تۆز پێش ئەوەی کە هەڵی بکات، مرۆڤ ئەیبینی کە چلۆن کریستاڵە گەورە شین و بنەوشەکان رووناکاییەکی یەک رەنگییان ئەدرەوشاندە دەرەوە، کە بەو رەنگە کەس کوێریی نەدەگرت، بەڵکو ڕاستە و خۆ ئەت توانی چاوی تێ بڕیت و سەیری کەیت. من لە ژیانمدا پێشتر وەها رووناکاییەک یا وەها کریستاڵێکی گەورەم نەدیبوو. من پێم وابێت کە ئەو کریستاڵە گەورە سەرچاوەی بەرقی ئەوێ بوو.

(*) دواتر لە ناو حەشارگەکەدا مرۆڤگەلێکم ئەبینی کە لە دەوری چەند کریستاڵێکی شین و بنەوش کۆبببونەوە و کاریان لە سەر دەکردن، بەڵام ئەم کریستاڵانەی ناوەوە زۆر گەورەتر بوون لەوەی لە سەرەتاو دیبووم. گەورەییەکەیان دەور و بەری یەک میتر دەبو و بە شێوەی لەسەر پێ لە پاڵ یەکدا داندرابوون. رووناکاییەکیان لێ تێ ئەپەڕاندن، رەنگە سەرەکیەکەی خۆیان شین و بنەوش بوو، بەڵام دوای تێپەڕاندنی رووناکایی لەواندا ئەوجار شینێکی تێرتریان ئەدرەوشاندەوە. ئەوانەی لەوێ کاریان دەکرد، ماسکی سپی بە دەمەوە و چاویلکەی رەشیان لە چاودا بوو و کاتێک رووناکاییان لێ تێ ئەپەڕاندن، هەندێک لێیان دوور ئەکەوتنەوە. ئێمە بیست مەترێک لێیانەوە دور بووین، بەڵام خێرا لەوێ دوریان خستینەوە و بردیانین.

(*) من پێم وابێت کە ئەو مەیدانە میغناتیسیانەی کە لە سەرەتاوە دەبو ئێمە لە بەینیانەوە رەت بین و بێینە ژور، سەرچاوەی وزەکەی هەر لەو کریستاڵانەوە بوون. بۆ ئەوەی کە هەر لەو جۆرە رووناکایە دەچوون. هیچ نەبێت من وای تێ گەیشتم. هەرکاتێک وردە شتی دیکەی لەو بابەتەم بیر بکەوێتەوە، بە دڵنیایەوە بۆتانی ئەنووسم و لێیان ئاگادارتان ئەکەمەوە.

ئێمە بەناو سیستەمێکی لە شێوەی لوولەدا رۆیشتین، کە لەواندا ئوتۆمۆبیلە رێگە ئاسنیەکان بە سورعەتێکی بێ وێنە هاتوچۆیان دەکرد، کە مرۆڤ تەنیا رووناکاییەک یا شەوقێکی (نوورێکی) دەدی کە دێن و دەڕۆن. رەنگە لە ناو تەواوی سیستەمی لوولەکاندا هیچ هەوایەک بوونی نەبێت وەک شێوەی سیستەمی ڤاکووم (Vakum)، (و: بە فارسی خەلاء).

(*) خۆی ئۆتۆمۆبیلە رێگەی ئاسنیەکانیش خۆیان هەر لە شێوەی لوولە دروست کرابوون، و لە ناو تونێلێکی لولەیی گەورەتردا هاتوچۆیان دەکرد. ئۆتۆمۆبیلە ئەسڵیەکەی هاتوچۆ حدودی دوازدە میتر دەبو و لە هەردوک سەرەوە لێدەخورا و ناچار نەبوو دەور بداتەوە و پێشێکی نوک تیژی هەبو لە هەر دوک سەرەوە. جێگای 10 نەفەری هەبوو، بە لێخورەکەوە یازدە کەس. کاتێک لە جێی خۆمان دانیشتین بە باشی بەستراینەوە کە نەکەوین. سورعەتی رۆیشتنەکەی هێندە زۆر بوو کە پاش ئەوەی کە وەستا دڵمان و ناوسکمان بە یەکدا هاتەوە.

(*) لە ناوەڕاستدا جێگای کەمێک بار و ساک و چەمەدانیش هەبو بۆ مسافیرەکان. وادیاربو کە لە خوارەوە لەم جۆرە رێگا و بانە ئاسنیانەی زۆر تیا بو. هەمو جارێک وەک شەوقێکی گڵۆپ بە خێرایی ئەهاتن و ئەرۆیشتن. (و: رەنگە وەک فیشەکی گردار بەڵام نەک هێندەش خێرا بەڵکو کەمێک هێواشتر لە فیشەک). لە کاتی رۆیشتن هیچکام لەوانیتر کە دەرۆن بە ئاسانی نابینیت، بەڵام لەو کاتەدا باشتر وایە وریای ورگمان بین کە تێکەڵ نەبێت و دڵمان بە یەکا نەیات!

دواتر کاتێک من چوومە ناو سیاسەتەوە، توانیم بیدۆزمەوە کە لە باقی حەشارگەکان چ خەبەرە و ئەو حەشارگانە بۆچی و بە چ مەبەستێک دروست کراون. دیارە پێشتر بۆتانم باس کردوە کە بۆچی دروست کراون. کاتێک کە ئۆتۆمۆبیلەکە جوڵا بۆ ئەوەی کە بڕوات و لە پڕ بە خێرایی تێ پەڕی، ئیتر زانیم کە من شتێکی وام پێشتر هەرگیز نە بینیوە. کاتێک گەیشتینە شوێنی مەقسەد من و هاوڕێکانم کە بۆ ئەوانیش یەکەم جاریان بوو هەمو رشاینەوە. یەکێک لە سەربازەکانی ناو حەشارگە کە لەگەڵمان بوو پێی وتین کە هەمو کەس یەکەم جار وای لێ دێت.

کاتێک دابەزین (و: ئیتر لێرە زۆر چونەتە ژێر عەرز) یەکی چاویلکەیەکی رەشی چاوەدێریان داینێ کە لە چاوی کەین، ئەوجار هەمدیسان لە مەیدانێکی میغناتیسیەوە تێپەڕیان کردین. ئالێرەدا چیرۆکەکە هەندێک سەیر و عەجایەب دەبێتەوە.

لێرە لە هەمو شوێنێک سەربازی چاوەدێری لێ وەستابو... و بیهێننەوە بیری خۆتان کە باسی تێپەڕاندن لە مەیدانێکی میغناتیسیم بۆ کردبوون. لە پڕ ترسام و بە خۆمم وت من نەدەبو لێرە بوومایە و لێرە چی دەکەم.

بە ناو مەیدانە میغناتیسیەکەدا تێیانپەڕاندین و لە ژورێکی دیکە سەرمان دەر هێنایەوە. لە ژوورەکەدا بە دیوارێکەوە تابلۆیەکی پێوە بوو کە لێی نووسرابوو: مرۆڤی – نامرۆڤی – پاک – ناپاک!

پاش خوێندنەوەی ئەو تابلۆیە لە خۆمم پرسی، ئەرێ مەگەر لێرە کەسێکیش هەیە کە مرۆڤ نەبێت؟

(*) وەک وتم ئەو تابلۆیە لەو ژوورە بوو کە مەیدانە میغناتیسیەکەی لێ بوو. ئەو خەتەی کە هەمو تابلۆکەی پێی نووسرابو هەرگیز پێشتر نەمدیبوو. هەر ئەو خەتەی کە پیتی ئێ (E) سەیر و سەمەرەکەی پێ نووسرابوو و پێشتر بۆتانم باس کردبو. بەڵام تەنیا ئەو شتانەی کە من توانیم لەو تابلۆدا بیخوێنمەوە هەر ئەمانە بوون واتە، مرۆڤی – نامرۆڤی – پاک – ناپاک !



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**مالّپەڕی پڕۆژەی کامێلۆت: دیارە ئێمە هەوڵمان دا کە لەمبوارە تایبەتەدا وردتر ببینەوە و زانیاری زیاتری لێ وەربگرین.**

سەربازە چاودێرەکان کە لەگەڵمان هاتبوون داوایان لێ کردین کە بچینە ژوورێکی دیکەوە و لەوێ خۆمان بگۆڕین و ئەوجار هەمدیسان لە گەڵیان بڕۆین. پاش ئەوەی کە خۆمان گۆڕی، پێیان وتین، کە کاتی ئەوە هاتووە کە قوڵتر بڕۆینە خوار و بەشێکی زیاتر لە حەشارگەکە ببینین.
هەمدیسان لە خۆمم پرسیەوە کە، ئەرێ ڕاستی ئەم شوێنە لە ژێر عەرز ئەبێت چەندە گەورە بێت؟ ئێمە چەند کیلۆمەترێکی دیکە بە ناو تونێلە ڕێگە ئاسنیەکاندا بە خێرایی تێپەڕین... ئەرێ تۆ بڵەێ هەمدیسان لەمەش قوڵتر بێت؟
ئێمەیان برد بۆ لای ئاسانسۆڕێک کە ئەمانتوانی لەوێ دابنیشین، کە دەبو بەرەو خوارتر و قوڵتر بمان بات... لانیکەم من وام بیر ئەکردەوە کە تا لای ئاسانسۆڕەکە سێ دەقیقە بە درێژایی ڕۆیشت، بەڵام دەقیق نەمزانی چەندە بوو، چوونکو کاتی کۆنترۆڵ هەمو شتێکیان لێ سەندبووین.
(*) لە ناو ئاسانسۆڕەکەدا پیتێکی دیکەی سەیر و سەمەرمان دی کە وەکو وێنەی هێدفۆنی موزیک گوێ گرتن دەچو. ڕێک وەکو ئەو خوارکرابووەوە، وەکو ئەوەی کە هێدفۆنەکە لە پێشەوە ئەبینیت، کە شوێنی گوێچکەکانی ڕوویان لە خوارەوە بوو.

پاش ئەوەی کە مەئموریەتەکەی ئێمە تەواو بوو و شتەکەی کە دەبو بیگوێزینەوە کردمان، ئیتر هەر ئەو کات لە سەربازی بۆم دەرکەوت کە جیهان بەو شێوەیە نیە کە ئێمە ئەی بینین. زانیم کە زۆر شت هەیە کە حکومەتەکان لە چاوی خەڵکانی وڵاتەکانی خۆیانی دەشارنەوە و زانیاریەکانیان نادەنێ یا درۆیان لەگەڵ ئەکەن. ئەمە منی دڵگران کردووە و ترس ئەڕژێنێتە ناو لەشم!
دواتر وەک سیاسەتمەدارێک دەستم کرد بەوەی کە هەندێک لێکۆڵینەوە لەو بابەتە بکەم، بۆ ئەوەی کە من بە دوا وڵامی پرسیارەکانمەوە بووم کە دەوڵەت لە خەڵکی ئەشارنەوە. من توانیم بەم وڵامانە بگەم، کە ئەو حەشارگەیانە کۆمەڵە کەشتیگەلێکن (Arche)، (وەرگێڕ: وەک ئارخی نوح) کە بۆ ڕزگار بوون لە مردنی حکومەت خۆی و حکومەتمەدارەکان و هەروەها کۆمەڵێک هەڵبژێردراوی حکومەت و ئەرتەش و هێزی نیزامی ئەو حکومەتە ساز کراون. ئەوان قسە لە مەترسییەک دەکەن کە لە فەزا یا کەهکەشانەوە دێت و بڕیار وایە لە ساڵی 2012 دا لە سەر تۆپی عەرزی ئێمە ڕوو بدات. گووایە هەوڵی ڕزگار کردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی لە سەر ئەرز دەدەن.
لێکۆڵینەوەکانم بەو ئاکام و قەناعەتەم ئەگەێنن، کە ئەبێت کێشەکە ئەستێرەی ئێکس (Planet X) بێت. حکومەت ئاگاداری گرفتەکەیە و ئەزانێت چی ڕوو ئەدات، بەڵام لە ڕووی خەڵک و ڕای گشتیدا بێدەنگن. ئەوان کێشە یا پڕۆژەکە لە مێژە چاوەدێری ئەکەن و یەکەم جار ئەمریکاییەکان لە مەترسییەکە ئاگاداریان کردوونەتەوە.
من ئەزانم کە تەنیا لە نۆڕوێژ 18دانە حەشارگە دروست کراون. زۆربەی ئەو مەترسییانەی کە لە سەر ڕێمانن من نایانزانم، بۆ ئەوەی کە من پسپۆڕ و شارەزا لەوبوارانەدا نیم. بەس ئەوەندە ئەزانم کە لە پێش ساڵی 2012دا چەندین حکومەتی جۆربەجۆر بۆ ناو ئەو حەشارگەیانە ئەگوێزنەوە، کە لە 40 تا 50 ساڵی ڕابردوودا (و: بە مۆدێرنترین شێوە) دروستیان کردوون.
ئەگەر ئەو ئەستێرەی ئیکسە خۆی بە عەرزدا بماڵێت یا لێی نیزیک ببێتەوە، ئەوا لە سەر عەرز کۆمەڵێک شەپۆل و سێلاو و لافاو و تووندە با و بۆمەلەرزە و لەوشتانە کە هەموویان زۆر بەهێزن و مافەوقی قودرەتی مرۆڤن ڕوودەدەن. ئەمە هەمو ئەو زانیاریانەیە کە من دەیانزانم، و بەم هۆیەوەیە کە ئەیانهەوێت خۆیان لە ژێر عەرزدا حەشار بدەن.
لە بەر ئەو ئیحتیماڵەی کە ئەم شتانە لە ئەستێرەی ئێمە ڕوو دەدەن، ئەوان وایان داناوە کە پێنج ساڵان یا خۆ زیاتر لە ژێر عەرزدا بە بێ گرفت لە ژیاندا بمێنن. هەر کاتێک کێشەکان لە سەر عەرز تەواو بوون و ئیتر هەمو شتێک وەک جارانی لێ هاتەوە، ئەوجا ئەوان دێنە دەرەوە و هەمو شتێک لە سەرەتاوە دروست ئەکەنەوە و لە سەرەتاوە دەست پێ ئەکەنەوە. پێیان وتین کە ئێمە ئەبێت لە پێش هاتنی 2012وە خۆمان گوێزابێتەوە ناو حەشارگاکان، بۆ ئەوەی کە شتێک ڕەنگە لە فەزاوە بێت و هەمو شتێک لە سەر عەرز خراپ و وێران ئەکات و هەمو شتێک لە کار ئەکەوێت.
(*) من نازانم کە ئایا گرفتەکە بە هۆی خۆرەوە بۆمان دروست ئەبێت یا نا، بۆ ئەوەی کە من زانیاری تایبەتی زانستی و پسپۆڕیم لەو بوارانەدا نیە، بەڵکو تەنیا ئەوەندە زانیاری ئەدەم بە ئێوە کە من ئەم شتانەم دیوە و ئەزموونم کردوون، نەک هیچی دیکە.
من تا ئێستاش زۆرم قسە کردووە. بەڵام بەهەر حاڵ ئێستا ئیتر ئێوە مرۆڤەکان ئاگادار کراونەتەوە و زانیاریتان هەیە.
هیچ هۆکارێک نیە کە من ئەم شتانەم لەخۆمەوە هەڵبەستبێت و بە تەمایش نیم کە پانیک یا ترسێکی گشتی دروست بکەم. من ئەمەوێت بەس بە ڕای گشتی ڕابگەیەنم کە چی لە سەر ڕێگاتانە و هێز و توانای من هەر ئەوەندەیە و نەک زیاتر.
شتهایەک هەیە لەم جیهانەدا کە ڕای گشتی لێی ئاگادار نین. بۆ هەمو ئەو شتانە من تەنیا ئەتوانم ئەوەندە بڵێم کە:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**تکایە ئامادە بن و تەنیا باوەڕتان بە خۆتان بێت. لە لایەن حکومەتەوە (و: حکومەتەکانەوە) پێویست ناکات ماتڵی هیچ جۆرە یارمەتی یەک بن. تەنیا باوەڕ و ئیعتیمادتان بە خۆتان بێت. سڵاو و ڕێز (ناو و واژۆ، لە ماڵپەڕی پرۆژەی کامێلۆت پارێزراوە)!!!!!!!!**

**سەرچاوەی ئاڵمانی ئەم نووسراوە لە ماڵپەڕی** (Projekt Cheops)**، وەرگێڕی دەق ئەیووب ڕەحمانی:**

http://www.projekt-cheops.eu/Norwegen_bereitet_sich_auf_Planet_X_vor.pdf

http://www.projectcamelot.org/

**وەرگێڕ: لە خوارەوە نمونەیەکی تەقریبی لە حەشارگەیەکی ژێرعەرزی لە ئەمریکا ئەبینن، یەکەمین حەشارگە کە لە نیۆمێکزیکۆ لە ساڵی** 1947-1948 **دەست بە دروستکردنی کرا بە ناوی داڵس باسیس** (Dulce-Basis) **کە جێگای ژیانی** 18000 **مرۆڤی تێدا ئەبێتەوە، بە شوێنی خەو و خواردن و خواردنەوە و تەفریح و هەمو شتێکەوە بۆ پێنج ساڵ و زیاتریش!!**




12ی ڕێبەندانی 2709

# کۆتایی "ژمارە دووی"

# سەربەخۆترین و بێ داییکترین گۆڤاری جیهان،

# زامەکانی بێ داییکی، دایکی نیشتیمان!!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com